INVESTIGATOR ORGANAIZATION FOR THE RULE OF LAW

NORWEGIAN PEOPLE'S AID

# بەشداریی ئافرەتان و گەنجان لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری هەرێمی کوردستان

## سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان وەک نموونە

(خوێندنەوەیەکی شیکاریی مەیدانییە)



ئامادەکردنی

ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەری یاسا (IOL)

2022

-

**بەشداریی ئافرەتان و گەنجان لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری هەرێمی کوردستان:**

**سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان وەک نموونە**

(خوێندنەوەیەکی شیکاریی-مەیدانییە)

## پێکهاتە


پوختەی پڕۆژە................................................................. 7

**سوپاس و پێزانین**.............................................................. 12

**پوختەی جێبەجێکاری (Executive Summary)**......................... 13

1 **پێشەکی**........................................................................ 16

**1.1 پرسیار و گریمانەی توێژینەوە**............................................. 17

**1.2 ئامانج و گرنگیی توێژینەوە**.................................................. 18

**1.3 پێداچوونەوەی توێژینەوەکانی پێشوو**...................................... 19

**1.4 میتۆدۆلۆژی توێژینەوە**........................................................ 21

**1.5 ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا**.............................................. 22

**1.6 کێشە و پرسە ئیتیکییەکان ( ئەخلاقییەکان)**............................ 24

**1.7 بەربەستەکانی توێژینەوە**...................................................... 25

**1.8 سنوور و کۆمەڵگەی توێژینەوە**.............................................. 26

2 **ناساندنی چەمکەکان**............................................................ 26

**2.1 پرۆسەی دروستکردنی بڕیار**................................................ 26

**2.2 بەشداریی سیاسیی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار**..................... 29

2.2.1 کەناڵەکانی بەشداریی سیاسیی.......................................... 30
2.3 بەشداریی سیاسیی ئافرەتان و سیستەمی کۆتا......................... 31
2.3.1 جۆرە جیاوازەکانی سیستەمی کۆتای ئافرەتان..................... 32
2.4 بەشداریی گەنجان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار................... 38
3 پاشخانی ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان و گەنجان لە سەندیکا و یەکێتییەکان................................................................ 40
3.1ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان و گەنجان بەپێی یاسا و دەستوور و پراکتیزە کردنی لە واقعی هەرێمی کوردستان.............................................. 41
3.2سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی کوردستان: یاسای دامەزراندنیان و کار و پرۆژەکانیان.................................................................... 48
باسێکی گشتیی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان............................. 48
3.3 ژمارەی ئەندامانی ئافرەتان و گەنجان لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی کوردستان............................................................ 56
3.4 ئەنجامەکانی ڕاپرسی.......................................................... 61
3.4.1دیمۆگرافیا و پرۆفایلی بەشداربووانی ڕاپرسی........................... 62
3.5 ئاستەنگەکانی بەردەم بەشداری گەنجان و ئافرەتان...................... 65
3.6 پێویستە چی بکرێ؟............................................................ 70

4 **دەرەنجامەکان و کۆتایی**......................................... 71

**4.1 ڕاسپاردەکان**........................................................... 74

5 **لیستی سەرچاوەکان**.......................................... 77

ئەلبوومی وێنەکان............................................................ 80

الملخص.................................................................... 89

**Summary**.................................................................... 93

## پوختە:

پوختەیەک دەربارەی پرۆژەی بەهێزکردنی سەروەری یاسا و زیادکردنی بەشدارییکردنی گەنجان و ژنان لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار لە هەرێم و عێڕاق ناساندنی چالاکییەکانی پرۆژە.

### یەکەم: پوختەیەک دەربارەی پرۆژەکە:

١) لایەنی جێبەجێکار:

ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ ســەروەری یاســا: Investigator organization for the rule of law ڕێکخراوێکی ناحکومی و قازانج نەویســـت و ســـەربەخۆیە، کاردەکات بۆ پشـــتگیریکردنی ســـەربەخۆیی دادوەریی و ڕەخســـاندنی بنەمای ســـەروەریی یاســا و چاکســازیی ســیســتەمی یاســادانان بە شــێوازێک کە لەگەڵ پێشـــکەوتنی کۆمەڵگە بگونجێت هەروەها گونجاوبێت لەگەڵ دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بەپێی پێوەر و پابەندییە نێودەوڵەتییەکان. ڕێکخراوی (IOL) دامەزراوە بە پێی ژمارەی تۆماری (٣٠٣٠ک) لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٥/٢٦ کە دەرچووە لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان و تایبەت بە ماددەی (١٠ و ١١) لە یاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان ژمارە (١)ـــی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان- عێڕاق.

**دیدی ڕێکخراو**: بریتییە لە گەیشتن بە دادوەریی لەپێناو شکۆی مرۆڤ و پاراستنی مافەکانی.

**پەیامی سەرەکی** ڕێکخراویش خۆی لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەک کە بە دادوەری و سەروەری یاسا و دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ بەڕێوەبچێت دەبینێتەوە.

٢) پاڵپشـتی دارایی پرۆژەکە: ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی نەرویجی (NPA) پاڵپشـتی دارایی پرۆژەکەی کردووە.

٣) مـاوەی جێبەجێکردنی پرۆژە: پێنج مـانـگ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٨/١) تـاوەکو (٢٠٢٢/١٢/٣١)

## دووەم: ئامانجی پرۆژەکە:

ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆژەیە بریتیە لە هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانیی لە عێراق و بەهێزکردنی پانتایی بەشدارییکردنی گەنجان و ئافرەتان لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار، ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەری یاسا لە چوارچیوەی گەیشتن بە ئامانجەکانی پرۆژەکە پشت دەبەستێت بە ئەنجامدانی شەش چالاکی.

**ئامانجە سەرەکییەکانیش بریتین لە:**

- گۆڕینی سیاسیەت و ڕێکارە یاساییەکان.
- کارکردن لەگەڵ گروپە بە ئامانجگیراوەکان.
- کارکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی.

## سێیەم: چالاکیەکانی پرۆژە:

### چالاکی یەکەم: دیداری یاسایی

یەکێک لە چالاکییەکان و هەنگاوە سەرەتاییەکانی پرۆژەکە بریتی بوو لە دیدارێکی یاسایی بۆ ماوەی دوو ڕۆژی یەک لەدوای یەک لە ڕێکەوتی ٢٨-٢٩ی مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ لە شاری هەولیر. کە:-

**ڕۆژی یەکەم:**

بریتی بوو لە کۆکردنەوەی هەشت دەزگای یاسایی ناحکومی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی لە پیکهاتە یاساییە ناحکومییەکان و نزیکردنەوەی بیروبۆچوون و دیدگاکان و کۆکردنەوەیان لەسەر یەک مێزی گفتوگۆ، بە ئامانجی سازاندنی گفتوگۆیەکی دەوڵەمەند و گرنگ لە نێوانیان، هاوکات ئامادەکردنی ستراتیژیەتێکی بەهێزکردن و گەشەسەندنی پایەکانی سەروەری یاسا لە هەرێم و عێراق لە ڕێگای پێشکەشکردنی چەند ڕێکارێکی یاسایی لەلایەن نوێنەری ئەم هەشت دەزگایە.

**ڕۆژی دووەم**

نوێنەری ڕێکخراوەکانی گەنجان و ئافرەتان ئامادەبوون بۆ کۆبوونەوەیان لەگەڵ نوێنەری ئەم هەشت دەزگایە، ئامانجی ئەم

کۆبوونەوەیە بریتی بوو لە دروســـتکردنی هەلی زیاتر بۆ کارلێکی نێوان ئەم دەزگا جیاوازانە، هەروەها بۆ ئەوەی ئەم هەشت دەزگایە بیر لەوە بکەنەوە چۆن بتوانن ســوود لە توانای ئەم توێژانە وەربگرن و پۆسـتی سەرکردایەتی بە گەنجان و ئافرەتان بدەن لە کارەکانیان.

### چالاکی دووەم: توێژینەوەیەکی مەیدانی دەربارەی بەشداریی ئافرەتان و گەنجان لە ناوەندەکانی بڕیار: سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان کە کاری کردۆتە سەر نەبوونی یەکسانی بریتییە لە کارانەبوونی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان لە عێراق و کوردستان، بەتایبەت کە بابەتەکە پەیوەندی هەبێت بە بەشداریی گەنجان و ئافرەتان. لە پێناو پشتگیریکردنی ئەم بانگەشەیە لە ڕووی زانستی و ئاکادیمیەوە،ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەری یاسای هەڵسا بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی شیکاریی مەیدانیی لە مانگی ٧ تا ١٢ ی ٢٠٢٢، بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاستی بەشداریکردنی گەنجان و ئافرەتان لە سەرجەم سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان لە هەرێمی کوردستان. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە خستنەڕووی بەشداریی کردەیی ئەم دوو توێژە لە پێکهاتەی ئێستای ئەم دەزگایانە و بەتایبەت لە ناوەندی دروستکردنی بڕیار.

### چالاکی سێیەم: کۆنفرانسێک بۆ ماوەی یەک ڕۆژ بۆ ڕاگەیاندنی توێژینەوەکە:

تـوێـژینەوەکە و ئەنجـامە بەرایـیەکـانی تـوێـژینەوەکە ڕاگەیـانـرا لە کۆنفرانســـێکی یەک ڕۆژە، بە ئامادەبوونی نزیکەی ٨٠ کەس، لەوانە نوێنەری ســـەندیکا و یەکێتییە پیشـــەییەکان، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنە سـیاسـییەکان تێیدا بەشـداربوون، کە دواتر ٢٥٠ وێنەی توێژینەوەکە چاپ دەکرێت و لەڕێـگـای ئـیـمەیـلـیـش تـوێـژیـنەوەکە دەنـێردرێـت بـۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

## چالاکی چوارەم: ئەنجامدانی دوو خولی ڕاهێنان (هەر خولێک بۆ ماوەی یەک ڕۆژ) بۆ چالاکوانان دەربارەی مافی تۆمەتبار لە قۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن:

ڕێکخراوی IOL، دوو خولی ڕاهێنانی بۆ ماوەی یەک ڕۆژ (یەکێک لە شاری هەولێر و دووەمیان لە شاری بەغداد) بۆ ٢٠-٢٥ چالاکوانانی مەدەنی پێشکەش کرد. کە بابەتی خولەکە بریتی بوو لە باسکردنی مافی تۆمەتبار لە لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن، لە هەمان کاتدا خولەکە بوو بە دەرفەتێکی باش بۆ ئاشنابوونی چالاکوانەکان بە یەکدی، کە پێشتر دەرفەتی لەم شێوەیان بۆ نەڕەخسابوو لە سەرتاپای وڵات کە تۆڕێکی بەیەکگەیشتنیان هەبێت.

## چالاکی پێنجەم: وۆرکشۆپێک بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە تایبەتمەندن بە بواری یاسایی:

یەکێک لە کێشەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بریتییە لە نەبوونی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوەکان، بەتایبەت ئەو ڕێکخراوانەی کە لە بواری یاسایی کار دەکەن، تاوەکو ئێستا تۆڕێک نییە بۆ ئەم ڕێکخراوانە، هەڵبەتە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کارا نەبوونە بۆ هەوڵدان بۆ ئەم کارانە. لەبەر ئەم هۆکارە یەکێک لە کارکردە گرنگەکان بریتییە لە بەیەکتر بەستنەوەی ئەم ڕێکخراوانە. ڕێکخراوی لێکۆڵەر هەڵسا بە هەڵسەنگاندنی خێرا بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کە لە بواری یاسا کاردەکەن لە هەموو عێراق، دواتر ڕێکخراوێک یاخود دوو دەزگا لە هەر شارێک بانگێشت کران بۆ هەولێر بۆ ئامادەبوون لە وۆرکشۆپێک دەربارەی بەیەکەوە بەستنەوەی تۆڕەکان (دروستکردنی تۆڕ)، ئامانجی ئەم ڕاهێنانەش بریتی بوو لە بەیەکگەیشتن لەسەر ئاستی کەس و ڕێکخراوەیی.

### چالاکی شەشەم: دروستکردنی تۆڕێک بۆ ڕێکخراوە یاساییەکان لە عێراق:

ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەری یاسا IOL ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دا بۆ دروستکردنی تۆڕێک بۆ ڕێکخراوە ئاماژەپێکراوەکان لە چالاکی پێنجەم، ئامانجەکەش بریتییە لە دروستکردنی تۆڕێکی سەربەخۆ بۆ ئەم ڕێکخراوانە.

## سوپاس و پێزانین


١- ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەری یاسا IOL سوپاسی هەموو ئەو لایەنانە دەکات  کە بەشداربوون لە ئەنجامدان و بەجێگەیاندنی توێژینەوەکە، بە تایبەت لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک سەدنیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی کوردستان بۆ بەشکردنی ئامار و ئەزموون و بۆچوونەکانیان لەسەر بابەتی توێژینەوەکە لە کاتی  سەردانییکردنەکان و دانیشتنە ڕاوێژکارییەکانمان.

٢- هەروەها ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەری یاسا IOL سوپاسی تایبەت ئاراستەی تیمی پڕۆژە و ڕێکخراوی هاوکاریی میللی نەرویجی NPA دەکات بۆ پاڵپشتیکردنی پڕۆژەکە.

٣- هەروەها سوپاسی تایبەت بۆ:

أ- ڕاوێژکاری پڕۆژە: دادوەر بدرالدین بەرزنجی.

ب- بەڕێوبەری پڕۆژە: پارێزەر ڕۆژان علائەدین حسن.

ج- ڕێکخەری پڕۆژە: لێکۆڵەر محمد ضیاء الدین سعید.

د- ژمێریاری پڕۆژە: ئەندازیار ئەبرار خالد عبدالرحمن.

ه- بڕیاردەری پڕۆژە: بەڵێن خطاب احمد.

و- سەرپەرشتیاری توێژینەوە: پێشەوا حسام الدین عبداللە .

ز- توێژەری پڕۆژە: لانە شێخە.

ح- دیزاینەری توێژینەوە: علی عبدالرحمن محمد عەلیاوەیی.

## پوختەی جێبەجێکاری (Executive Summary)

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی واقعی پرۆسەی بڕیارە لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها پێشکەشکردنی چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەک بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریی و هاتنەپێشەوەی ئافرەتان و گەنجان. لە هەمان کاتدا گرینگترین و بەرچاوترین هۆکار و ئاڵنگارییەکانی بەردەم ئافرەتان و گەنجان دەخەینەڕوو بۆ بەشدارییکردن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار وەک دوو چین یاخود توێژی بنچینەیی کۆمەڵگەی کوردستانی. ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستووە بە میتۆدی تێکەڵاو بۆ کۆکردنەوەی داتا، لەوانە ڕاپرسیی ئۆنلاین لەگەڵ ۲۰۲ بەشداربوو، مێزگردێکی ڕاوێژکاری تایبەت لەگەڵ بەرپرسان و نوێنەرانی یەکێتی و سەندیکاکان لە کوردستان، هەروەها سەردانیکردنی نزیکەی ۲۰ سەندیکا و یەکێتی پیشەیی بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و داتا و ئاماری پێویست. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەی داتا لە نێوان مانگی (ئەیلول) بۆ (تشرینی دووەم)ی ساڵی ۲۰۲۲ ئەنجامدراوە.

توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامانەی خوارەوە:

١ - ئەنجامی توێژینەوە دەری دەخات یاسا تا ڕادەیەکی زۆر کەم سەروەرە لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان.

٢ - داتاکانی ئەم توێژینەوەی دەریدەخەن کە بەشداریی ئافرەتان بە شێوەیەکی گشتی زۆر کەمە بە بەراورد بە پیاوان لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان، ئەویش کۆمەڵێل هۆکاری جیاوازی لە پشتە.

٣ - بەهەمان شێوەی دۆخی ئافرەتان لە نێو ئەو دامەزراوانەدا، ڕێژەی گەنجان بەشێوەیەکی گشتی تا ڕادەیەک کەمە. ڕاستە لە هەندێک لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی دەبیندرێ کە ڕێژەی ئەندامییەتی گەنجانی تێدا زۆرە، کە ڕەنگە پەیوەندی بە جۆری کار و پیشەکەوە هەبێ (یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران بە نموونە). لەگەڵ ئەوەش، دەرەنجامی ڕاپرسی و مێزگردەکە دەریدەخەن کە

ڕێژەیەکەی یەکجار زۆر لە گەنجانی دەرچووی زانکۆ و خاوەن بڕوانامە لە هیچ یەکێک لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان ئەندام نین و لە هیچ لە ناوەندەکانی بڕیار نین بە چەندین هۆکاری جیاواز.

٤ - بەشێکی زۆر لە هاوڵاتیان و ئەندامانی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانیش هۆکاری ئەو ناچالاکیی و نادیموکراسیەتییەی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان بۆ ململانێی سیاسیی و دەستوەردانی حیزبی و حکومڕانیی خراپ دەگەڕێننەوە، جیا لەوە گرنگیی لایەنی وشیاریی کۆمەڵایەتی و وشیاریی تاک بۆ هەنگاونان بەرەو پێش.

٥ - لە هیچ یەک لە یاسای ئەندامییەتی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان باس لە سیستەمی کۆتا نەکراوە، کەچی ئەمە لە کاتێکدایە کە بەشێکی زۆر لە بەشداربووانی ڕاپرسی و میزگردەکەماندا سیستەمی کۆتا بە بژاردەیەکی دروست دەزانن لە ساتی نەبوونی حکومڕانییەکی دروست و وشیاریی تاک بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریی و ئەندامیەتی ئافرەتان، تا ئەوکاتەی ڕێژەکە بە نزیکەیی دەگاتە ئاستی هاوسەنگ و یەکسان، و بیروبۆچوونە کلاسیکییەکان لەسەر لەسەر لاوازی و بێتوانایی ڕەگەزی مێ کەم دەبنەوە یاخود بنبڕ دەبن.

گرنگترین پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١. کارکردن لەسەر سەربەخۆیی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان دوور لە دەستوەردانی حیزبی بۆ پەرەسەندنی سەروەریی یاسا. واتا چاکسازیی و هەموارکردنەوەی یاساکان.
٢. زیادکردنی سیستەمی کۆتای ئافرەتان بۆ پەیڕەوی هەر یەک لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان بەپێی یاسا لەپێناو بەرزکردنەوە و هاتنە پێشەوەی ئافرەتان وەک چینێکی بنچینەیی کۆمەڵگە.
٣. گرنگیدان و هەڵڕەخساندن بۆ گەنجان وەک توێژێکی چالاکی کۆمەڵگە.

٤. وشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، خیزانیی لە ڕێگەی چالاکی لایەنە پەیوەندیدارەکان و وۆرکشۆپ و وێبینار بۆ ئاشنا بوون بە بابەتگەلی وەک پڕۆسەی دروستکردنی بڕیاری و گرنگی بەشداربوونیان.
٥. بەستنی سیمینار و چالاکی لە ناوەندەکانی وەک زانکۆ و پەیمانگاکان.
٦. بەستنی تۆڕێکی هاوبەشی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان بۆ چالاکبوونەوە و کارکردنیان لەسەر پرۆژەی گرنگی گەشەپێدەر.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە چوار بەشی سەرەکی. لە بەشی یەکەمدا پێشەکی توێژینەوەکە، لە نێوانیان پرسیار و گرنگیی و ئامانج و میتۆدۆلۆژی و ڕێگەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری ڕوونکراوەتەوە. بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ ناساناندی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە. بەشی سێیەم باکگراوندێک لەسەر ڕۆڵ و بەشداری ئافرەتان بە پێی یاسا و واقیعی جێبەجێکردنیان لە هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو. هەر لەم بەشەدا پاشخان و پێناسەیەکی کورتی دروستبوون و کاروچالاکییەکانی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییە سەرەکییەکانمان لە هەرێمدا کردووە. لە بەشی چوارەمەدا، ئەنجامەکانی ڕاپرسی و مێزگردی ڕاوێژکاری تایبەت خراوەتە ڕوو. بەشی کۆتاییش گرنگترین دەرەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەی لە خۆگرتووە.

## ١ پێشەکی

بەشداری ئافرەتان و گەنجان لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان نەک هەر گرنگە بۆ داکۆکیکردن و پاراستنی مافەکانی ئەو دوو توێژەی کۆمەڵگا، بەڵکو بۆ بەرجەستەکردنی عەدالەت و دروستکردنی هەستی نوێنەرایەتیی لە کۆمەڵگە. سەرەڕای فراوانبوونی ڕیزەکانی بزووتنەوەی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان لە هەرێمی کوردستان، هێشتا پرۆسەی بەشداریی و دروستکردنی بڕیار لەو دامەزراوانەدا بە پێکهاتە بیرۆکراتییە تەقلیدییەکانییەوە دەناسرێتەوە، کە بەزۆری پیاوان لە پۆستەکانی بڕیارداندان (بڕوانە بەشەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە). پرۆسەی دروستکردنی بڕیار (یا بڕیارسازیی) زنجیرەیەک هەنگاوە کە لە لایەن تاک و یەکەکانی کۆمەڵگەوە دەنرێت بۆ دیاریکردنی باشترین بژاردە، یان ئەوەتا هەڵبژاردنی کۆمەڵێک کار و کاردانەوەی یەک لە دوای یەکە بۆ گەیشتن بە پێداویستیی و داخوازییەکانی کۆمەڵگەکە.[١] پرسی گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە کێن ئەوانەی لە ناوەندەکانی بڕیارن و دەکرێت نوێنەرایەتی تەواوی کۆمەڵگە بکەن، چونکە مافی هەر تاکێکە بڕیاردەری چارەنووسی خۆی بێت، بۆیە ڕێژەی بەشدارییکردنی گەنجان و ئافرەتان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا ڕادەی وشیاریی، ئاگایی و چالاکی کولتووریی ئەم کۆمەڵگەیە دیاری دەکات.[٢]

توێژینەوەکان دەریدەخەن بەربەست و کێشەکانی بەردەم ڕۆڵ و بەشداریی گەنجان و ئافرەتان لە دروستکردنی بڕیار لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەک دەگۆڕێ.[٣] ئەوەی

1 Lunenburg, Fred C. "The decision making process." In *National Forum of Educational Administration & Supervision Journal*, 2010.

2 Bari, Farzana, Women’s Political Participation: Issues and challenges. 2005.

٣ بۆ نموونە، لە وڵاتی لوبنان، بە پێی توێژینەوەیەک، ٧٤٪ ئافرەتان ئەندام نین لە هیچ ڕێکخراو یا سەندیکا و یەکێتییەک. کە دێتە سەر جۆری ڕێکخراوەکان، بە گشتی ئافرەتان بەشدارییان کەمترە لە نێو یەکێتیی و سەندیکاکاندا بەراورد بە ڕێکخراوەکانی دیکە. بڕوانە:
The International Foundation for Electoral Systems, The Institute for Women’s Policy Research. (2018). “The Status of Women in the Middle East and North Africa (SWMENA) Project.” Available at: Focus on Lebanon | Civic & Political Participation Topic Brief | IFES - The International Foundation for Electoral Systems

پەیوەندی بە ئافرەتەوە هەیە، لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا بۆ ماوەیەکی زۆر، ئافرەتان ڕۆڵیان لە دروستکردنی بڕیار و لە پێگە یاسایی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا کەم بووە، ئەگەر هەشبووبێ بە پەنجەی دەست دەژمێردران. لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا، وەکو زۆربەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تایبەتمەندییە کۆمەڵاتییەکان و ڕۆڵە جێندەرییەکان لەسەر بنەما ئایینییەکان و نەریتی باو دابەش کراوە. زۆربەی کات مێینەکان بە ڕەگەزی دووەم تەماشاکراون. بە هەمان شێوەی دۆخی ئافرەت، هەرچەندە بەرووپێشچوونی گەنجان دەبینین لە بوارە جیاجیاکان، بەڵام بەس نەبووە و هێشتاش چەندین پەیکەربەند بەسەر گەنجەوە دروستکراوە و ماوەتەوە کە پێویستە بگۆڕدرێن و دووبارە پێناسەی ڕۆڵی گەنج لە نێو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەدا بکرێتەوە، کە ئەمەش پرۆسەیەکی هەمەلایەنی درێژخایەنی فکریی و مەیدانییە. یەکێ لەو شوێنانەی دەکرێ کاری لەسەر بکرێ بریتییە لە بەشداری گەنجان و ئافرەتان لە یەکێتی و سەندیکا پیشەییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بتواندرێ بەشداریی و نوێنەرایەتی ئافرەتان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لەو دامەزراوانەدا زیاتر بکرێ.

## ١,١ پرسیار و گریمانەی توێژینەوە

گفتوگۆ و مشتومڕی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ڕێژە و ژمارەی بەشداریی ئافرەتان و گەنجان لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی نزمدایە. بۆ پەرەپێدانی ئەو ئارگیومێنتە (argument)، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

١) ڕێژەی ئافرەتان و گەنجان لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار لە هەرێمی کوردستان دا چەندە (وەک سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان)؟

٢) بەربەست و ئاڵنگارییەکانی بەردەم ئافرەتان و گەنجان چین بۆ هەنگاونان و بەشدارییکردن لە پرۆسەی بڕیار لە کوردستان؟
٣) چی بکرێت بۆ چاکسازیی و بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریی ئافرەتان و گەنجان لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان؟

## ١,٢ ئامانج و گرنگیی توێژینەوە

لە نووسیار و توێژینەوەی کوردیدا، تەنانەت بە زمانەکانی دیکەش، توێژینەوە و کاری زانستی کەم لەسەر بەشداری و پێگەی ئافرەتان و گەنجان لە سەندیکا و یەکێتییەکانی هەرێمی کوردستاندا کراوە. ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی هەوڵدەدات ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە. جگە لەوە، گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە دەکرێت ڕێگەخۆشکەری پرۆژەیەکی گەورە و گرنگ بێت بۆ سازاندنی دادپەروەریی و یەکسانیی ڕەگەزی و بەشداری گەنجان لە پێگە جیاوازەکانی دروستکردنی بڕیاردا، بەتایبەتیش ناوەندەکانی وەک سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی هەرێمی کوردستان. ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەش دەکرێت لەم چەند خاڵەدا کۆ بکەینەوە:

١) خستنەڕووی ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان و گەنجان لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی هەرێمی کوردستان.
٢) نیشاندان و شیکردنەوەی بەربەست و کێشە سەرەکییەکانی بەردەم ئافرەتان و گەنجان لە کۆمەڵگە.
٣) پێشکەشکردنی چەند پێشنیازێکی کردەیی بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان و گەنجان لە دروستکردنی بڕیار لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتتر لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان.

## ١,٣ پێداچوونەوەی توێژینەوەکانی پێشوو

بێگومان پرسی بەشداریی ئافرەتان و گەنجان لە ناوەندەکانی بڕیار بابەتێکی نویٚ نییە و چەندین خوێندنەوە و توێژینەوەی لە بارەوە کراوە کە دەکرێت بەشێکیان پەیوەندیدار بن بە توێژینەوەکەمان و سوودی لیٚ ببینین. بۆ نموونە:

**توێژینەوەی یەکەم:**

ناونیشان: (بەشداریی سیاسیی ژنان لە باشووری کوردستان؛ ساڵانی ١٩٩١-٢٠١٦).

ئەم توێژینەوەیە لە نووسینی (کنێر عەبدوڵلا)یە، ساڵی (٢٠١٧) لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوکراوەتەوە، کێشەی توێژینەوە بریتییە لە دۆخی ئافرەتان و ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری وەک؛ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن، دەسەڵاتی دادوەریی و هەندیٚ لە حیزبە سیاسییە باڵادەستەکان. توێژەر لە میانەی لێکۆڵینەوەکەی گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامانە: ڕێژەی پیاوان لە بەبەراورد لەگەڵ ڕیژەی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان زیاترە، کە دەکاتە دوو ئەوەندەی ڕێژەکە سەرەڕای هەبوونی سیستەمی کۆتای جێندەریی. دامەزراوەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کوردستان، ئەنجوومەنی دادوەریی و ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕووی دەسەڵات و بڕیاردانەوە سەربەخۆ نین و حیزب سەنتەری گشت بڕیارەکانە، ڕێژەی ئافرەتان لە سەرجەم سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا هەروەها سەرۆک و جێگری سەرۆک حیزبەکانیش ٪٤٠ە بە بەراورد بە ڕێژەی ٪١٠٠ی پیاوان.

**توێژینەوەی دووەم:**

ناونیشان: (گەنج و بەشداریی سیاسیی).

ئەم توێژینەوەیە لە نووسینی (ڕابەر تەلعەت)ە کە لە ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن دەزگای توێژینەوەی چاپ و پەخشی موکریانییەوە بڵاوکراوەتەوە. کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە بەشداریی سیاسیی لای گەنج و چالاککردنی ڕۆڵی گەنج لە نێو پرۆسە سیاسییەکاندا

هەروەها هاندانی گەنجانە بۆ هاتنە نیو ژیانی سیاسی لە ڕێگەی ناوەندە جیاوازەکانەوە. توێژەر لە میانەی لێکۆڵینەوەکەی گەشتۆتە ئەو دەرئەنجامانە: ڕێژەی ٧٩.٢٣٪ ی گەنجەکان پێیانوایە حیزبی کوردی بەتایبەت پارتە سیاسییە بالا دەستەکان گەندەڵ و بەرژەوەندیخواز و نادیموکراسین، بۆیەش متمانەی بەشداریی سیاسییان کەمە لە ڕێگەی ناوەندە حیزبییەکانەوە. هاوکات، ٪٧٠.٧٧ ی گەنجانیش باوەڕیان بەوە هەیە کە دەبێت بە تەنگ مەسەلە سیاسییەکانەوە بچن.

**توێژینەوە سێیەم:**

ناونیشان: (مافەکانی ژن: تیۆریا و پراکتیک).

ئەم توێژینەوەیە لە نووسینی (سەرکەوت جەلیل)ە کە لەلایەن ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، لە ساڵی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە. کێشەی توێژینەوە بریتییە لە تیشک خستنە سەر پێگە و مافەکانی ئافرەت لە زۆرێک لە یاسا نێودەوڵەتی و عێراقییەکاندا بە هەرێمی کوردستان و کوردستانی ڕۆژئاواش. توێژەر لە میانەی تویژینەوەکەی گەشتۆتە ئەم دەرئەنجامانە: سەرباری سەرجەم یاسا و بڕیارە نێودەوڵەتیی و ناوخۆییەکانی تایبەت بە مافەکانی ئافرەت، هێشتا لە واقیعدا ئافرەتان بە دەست جیاکاریی جێندەرییەوە دەناڵێنن، لە عێراق و هەرێمی کوردستان، لە ماوەی ساڵی (٢٠١٧)دا، مافەکانی ئافرەت بەرەوپێشچوونێکی بەرچاویان بەخۆوە نەدیوە، چاکسازیی یاسایی یەکەمین هەنگاوە لە ڕێگەی بەرقەرارکردنی یەکسانیی جێندەرییدا، هەر بۆیە پێویستییمان بە چاکسازییە لە ئاستێکی وادا، کە هەموو بوار و کەلێنەکانی جیاکارییەکان بگرێتەوە وەک کولتوور و نەریت و فکری باو و ئایین. هەڵگرتنی هەنگاوەیلی یاسایی بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی مرۆڤ، پیاوان، ئافرەتان، منداڵان، کارێکی گرنگە. بەڵام لەمەیش گرنگتر، دروستکردنی ویستی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە و چەسپاندنی ئەو مافانەیە.

سەبارەت بە بابەتی هاوپەیوەندیدار بە توێژینەوەکەی ئێمە، توێژینەوەی یەکەم زۆر سودی لێ دەبینرێت بەهۆی هاوتەریببوونی باسەکە و پرسی ئافرەت لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری لە هەرێم. توێژینەوەی دووەمیش لەوە یاریدەدەر دەبێت کە سەرنج دەخاتە سەر توێژی گەنجان و ئینتیمایان بۆ بەشداری. توێژینەوەی سێیەمیش شیکارییەکی باشە بۆ ئاشنابوون بە دەقە دەستوورییەکانی تایبەت بە مافەکانی ئافرەت و سیستەمی کۆتا، هاوکات درککردن بە بەربەستەکانی بەردەم پراکتیزە کردنی یاساکان. جیاوازیی توێژینەوەکەی ئێمە لەوەدایە، میتۆدی تێکەڵاو بەکارهاتووە و توێژینەوەیەکیی مەیدانیی شیکارییە، خاڵێکی دیکەی بەرچاو لەخۆگرتنی هەردوو توێژە (گەنجان و ئافرەتان). هاوکات، تایبەتترکردنەوەی پرسەکانی بەشداریی کارای ئافرەتان و گەنجانە لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی هەرێمی کوردستان وەک ناوەندی گرنگ لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار، کە بە دەگمەن کاری جدی لەسەر کراوە و چەندین نیشانەی پرسیار لەسەر سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان، لە ڕووی ڕێژەی ئەندامانیان، و ڕادەی سەروەریی یاسا هەیە کە پێویستە وەڵام بدرێنەوە.

### ١,٤ میتۆدۆلۆژی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا بەهۆی فرەڕەهەندیی بابەتەکە هەوڵمان داوە میتۆدی تێکەڵ (Mixed Method) یاخود پێی دەوترێت فرە-میتۆدیی بەکار بهێنین، بەهۆی ئەوەی ئەم میتۆدە دەتوانێت تێکەڵەیەک لە میتۆدەکانی چەندایەتیی و چۆنایەتیی (Qualitative & Quantitative) دروست بکات، هەم مامەڵە لەگەڵ ژمارە و داتا، هەم لەگەڵ وشە و شیکاریی بکات.[٤] گرنگیی ئەم جۆرە لە کۆکردنەوەی داتایە لەوەدایە لە ڕێگەی پشتبەستن بە ڕێگەی جیاواز هەوڵدەدەین هەر کەموکوڕیی لە ڕێگە و میتۆدێکی دیاریکراودا هەیە، کەم بکەینەوە. هاوکات دیزاینی ئەم توێژینەوەیە دیزاینی خوێندنەوەی بارییە (case-study)، کە سوودمان لەم جۆرە دیزاینە بینیووە بۆ

4 Bryman, A. (2012). *Social research methods*. Oxford university press, p. 628.

ڕوونکردنەوە، شیکردنەوە و ڕەخنەگرتن لە دیاردەکە، هاوکات قووڵبوونەوەیە لە وردەکارییەکانی دۆزی ئافرەتان و گەنجان بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردستانی.

### ١,٥ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ڕێگە و ئامرازی جیاواز بەستووە بۆ کۆکردنەوەی داتا و بەڵگە و سەرچاوەی سەرەکیی (primary) و لاوەکی (secondary)، هەروەک لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

### یەکەم: سەرچاوە لاوەکییەکان

لە نموونەی سەرچاوە لاوەکییەکان یا دووەمەکییەکان بریتین لە توێژینەوەکان، کتێب، گۆڤار، ڕاپۆرتەکانی ئۆنلاین بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی. لێرەدا توێژەر بەدوای ئەم سەرچاوانەدا دەگەڕێت و کاری خوێندنەوە و دیاریکردن و پوختەکردنیانە بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینێ وەک داتایەکی دووەمی. هاوکات، پشت دەبەستێ بە چەند دەقێکی دەستووریی و یاسایی، چەند پڕۆژە یاسا و ستراتیژییەکیی نیشتیمانیی پەیوەندیدار بە بابەتەکە.

### دووەم: کۆکردنەوەی ئامار لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان

لە پێناو وەدەست خستنی داتای باوەڕپێکراو دەستکراوە- بە سەردانییکردنی ١٣ سەندیکا و ٧ یەکێتیی پیشەیی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٢٢/٩/١٤ تا ٢٠٢٢/٩/٢٩ لە شاری هەولێر، وە داواکردنی دۆکیۆمێنتی ئاماری ئەندامانیان بەپێی تەمەن و ڕەگەز ٢٠٢٢ کە داواکارییەکانمان لە چوار پرسیاری سەرەکی پێکهاتبوو.

- ژمارەی کۆی ئەندامانی سەندیکا یاخود یەکێتییە پیشەییەکەتان؟

- ژمارەی ئەندامانی ئافرەت لە پێگەکانی دروستکردنی بڕیار (وەک دەستەی باڵا یاخود ئەنجوومەنی گشتی) لە سەندیکا یاخود یەکێتییە پیشەییەکەتان؟
- ژمارەی ئەندامانی ئافرەت لە کۆی گشتی ئەندامانی سەندیکا و یاخود یەکێتییە پیشەییەکە؟
- ژمارەی ئەندامانی خوار ٤٠ ساڵ لە سەندیکا یاخود یەکێتییە پیشەییەکە؟

### سێیەم: ڕاپرسی

بە گرینگمان زانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٥ تا ٢٠٢٢/١٠/٣ ڕاپرسی ئەلیکترۆنی لەگەڵ ٢٠٢ کەس (بڕوانە خشتەی ژمارە ١) بکەین، کە ١٠ پرسیاری ڕێکخراوی لەخۆ گرتبوو. بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەمان و وروژاندنی ئەم بابەتە لای خەڵک.

**خشتەی ژمارە (١)**

| کۆی بەشداربووان: | ٢٠٢ کەس | |
|---|---|---|
| **پرسیارەکان** | **بژاردەکان** | **ئەنجامەکان** |
| ڕەگەز؟ | مێ | ٨٢ |
| | نێر | ١٢٠ |
| تەمەن؟ | ٢٠-٣٠ | ١٤٣ |
| | ٣٠-٤٠ | ٤٩ |
| | ٤٠-٥٠ | ١٠ |
| ئاستی خوێندن؟ | دبلۆم | ١٦ |

| | | |
|---|---|---|
| | بەکالۆریۆس | ١٣٦ |
| | ماستەر/دکتۆرا | ٣٠ |
| | ئاستی دیکە | ٢٠ |

### چوارەم: دانیشتنی ڕاوێژکاریی

ئەم مێزگردە لەگەڵ نوێنەرانی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان لە ٢٠٢٢/١٠/٤ ئەنجام درا، بە مەبەستی زیاتر قووڵبوونەوە و تێگەیشتن لە باسەکان و گوێبیستبوونی پەیڕەوی ناوەخۆی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان، هەروەها خستنەڕووی ڕێژەی بەشداری ئافرەتان و گەنجان لە پۆست و پلەکانی سەندیکا یاخود یەکێتییە پیشەییەکانیان لە زاری خۆیانەوە. گرنگی ئەم مێزگردە لەوە دابوو کە توانی دەرەنجامە بەرایییەکانی توێژینەوەکە دەوڵەمەندتر بکات و لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتیدەر بوو بۆ دۆزینەوەی چەندین لایەن و فاکتەری نوێ و زانیاری کاریگەر کە سوودمان لێ بینیووە بۆ پتەوکردنی پاشخانی زانیاریەکانمان.

## ١,٦ کێشە و پرسە ئیتیکییەکان ( ئەخلاقییەکان)

ڕەچاوکردنی ئەخلاق لە توێژینەوەدا کۆمەڵێک بنەمان کە دەبنە ڕێگەنیشاندەری دارشتن و ئەنجامدانی پلانی توێژینەوە. توێژەران دەبێت هەمیشە پابەندبن بە چەند کۆد و بنەمایەکی دیاریکراوی ئەخلاق لە کاتی کۆکردنەوەی زانیاری لە خەڵک.[5] توێژەر دەست بۆ هەر بابەتێک دەبات، کۆمەڵێ کێشەی ئەخلاقی هەن دەبێ ڕەچاویان بکات. بۆ نموونە، توێژەر لە کاتی گفتوگۆ یاخود چاوپێکەوتن نابێ هەستی نموونەی لێتوێژەر (ئەو کەسەی بەشداری لە توێژینەوەکەدا دەکات) بشکێنێ، یاخود بردنی دەق ویژەیی

5 Bell, J. (2010). *Doing your research project: A guide for first-time researchers*. Open University Press, p. 45.

بۆ ئاماژە دان. لەم توێژینەوەیە، هەوڵدراوە ڕەچاوی پێوەرە زانستی و ئەکادیمییەکان بکرێت. یەکەم؛ لە شێوازی نووسین توێژەر خۆی بەدوور گرتووە لە دزینی دەقە ئەدەبیی و زانستییەکان. واتە هەر نووسەرێک کە تێکستەکەی بەسوود بووبێت بە شێوەی لێکدانەوە و ڕاڤە (Paraphrase) بەکارهاتووە. لە بارێکدا کە وتەیەک یان دوو ڕستەی بەلاوە جێگای سەرنج بووبێت خراوەتە نێو دوو کەوانە. هەر سەرچاوەیەکیش کە بەکارهاتووە لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ کراوە. دووەم؛ بەهۆی ئەوەی توێژەر لە میانەی کۆکردنەوەی داتاکان چ لە ساتی سەردانییکردنی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان یاخود لە مێزگرد و دانیشتنە ڕاوێژکارییەکان ڕووبەڕووی چەندین لایەنی پەیوەندیدار بووەتەوە وشیار بووە بەوەی کە بە پشتگیری ڕێکخراو و بە ڕەزامەندی خودی یەکێتی و سەندیکاکان زانیاریی و داتاکانی بەدەست بێنێت، هەڵبەتە لە حالەتی ڕاپرسی ئەلیکترۆنیشدا بەشداربوو تەواو ڕەزامەند بووە بەوەی بەشدار بێت یاخود نا. جگە لەوە، هەوڵدراوە ناسنامەی ئەو کەسانە بپارێزرێ کە داتایان بە ئێمەداوە، لە نێوانیان بەشداربووانی ڕاپرسی و مێزگردی ڕاوێژکارییەکە. لە کاتی داواکردنی زانیاری و ئەنجامدانی چالاکی مەیدانی، ڕەزامەندی بەشداربووان وەرگیراوە و ئامانجی سەرەکی توێژینەوە و ناسنامەی نووسەرانی ئەم توێژینەوەیە ڕوونکراوەتەوە.

## ١,٧ بەربەستەکانی توێژینەوە

١) کاتی کەم و سنووردار.
٢) نەبوونی داتای داواکراو لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان.
٣) کەمی سەرچاوەی پەیوەندیدار تایبەت بە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان.
٤) ئامادەنەبوونی بەشێک لە نوێنەرانی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان لە دانیشتنی ڕاوێژکاریی

### ١,٨ سنوور و کۆمەڵگەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار، توێژی ژێر سەرنج گەنجان و ئافرەتانن و لە ڕووی سنووری جوگرافیشەوە شاری هەولێری هەرێمی کوردستان بوونە. هاوکات لە ڕووی زەمەنییەوە هەوڵمان داوە دوا داتای یەکێتی و سەندیکاکان وەربگیرێ و پۆلێن بکرێن و زانیارییەکانیان بەکاربهێنرێن و شی بکرێنەوە.

## ٢ ناساندنی چەمکەکان

لەم بەشەدا، هەوڵ دەدەین سەرەتا ناساندنێک بۆ چەمکەکان بکەین و ڕوونیان بکەینەوە لە ڕووی مێژوو و فۆڕمگرتنیانەوە کە بە چ واتایەک دێن. دواتر چەند توێژینەوەیەکی پەیوەندیدار بە باسەکەمان بخەینە ڕوو، توێژینەوەکان بەراورد بکەین و شی بکەینەوە، هاوکات دەرچەیەک بۆ ئاشنایەتیی لەگەڵ سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان دروست بکەین و جگە لەوەش چوارچێوەیەکی تیۆریی بەبەر باسەکەدا بکەین.

### ٢,١ پرۆسەی دروستکردنی بڕیار

پێناسە و پرسی زۆر و جیاواز هەن لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بۆ نموونە: پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگەیەك لە نێوان ڕێگە جیاوازەکاندا، دروستکردنی بڕیار پرۆسەیەکە لە ڕێگەیەوە چارەسەری پرسێکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێت، دروستکردنی بڕیار پرۆسەیەکە کە لەنێوەندی ئەم کارەدا، شێوازێکی تایبەتی کار بۆ چارەسەرکردنی پرس یان کێشەیەك هەڵدەبژێرێت. یان

دەگوترێت دروستکردنی بڕیار تەنیا کاری هەڵبژاردنە لە نێوان ڕێگەچارە جێگرەوە و ئەڵتەرناتیڤەکان کە لەبەردەستە و دەربارەیان دڵنیاییمان نییە.[6]

پڕۆسەی دروستکردنی بڕیاری یەکێکە لە سەرەکیترین پڕۆسەکانی بەڕێوەبردن کە پێویستە لە نێوان زیاد لە هەڵبژاردەیەک باشترینیان هەڵبژێریت، بەر لەوەش پێویستە کەسی بڕیاردەر ئاگایی و زانیاریی تەواوی لەسەر هەموو لایەنەکانی بابەتەکە هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بڕیارێکی دروست بدات. پاشان زانیارییەکان شی بکاتەوە و بەپێی ئەولەویەتی ئامانجەکان بڕیاری لێ بدات.[7] هەموو دەم زۆر هۆکار هەن کاریگەری لەسەر تاکی بڕیاردەر دادەنێن، لەوانە کولتووری سیاسی، کەسایەتی تاک، سایکۆلۆژیا و بیرکردنەوەی کەسەکە و چەندین فاکتەری دیکە کە کاریگەری بەسەر تەواوی پڕۆسەکە جێ دەهێڵن. دەتوانین پێناسەی بکەین بەوەی پڕۆسەی دروستکردنی بڕیار پڕۆسەیەکی سیاسیی و هونەریی و دەروونیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیشە، واتا دروستکردنی بڕیار تەنها بۆ وەرگرتنی بڕیارەکە نییە، بەڵکوو بۆ دووبارە ڕێکخستنەوە و هەنگاونانە بۆ بەرەوپێشچوون.

دروستکردنی بڕیاری پڕۆسەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە، چەند مۆدێلێکی هەن، هەر مۆدێلە و چەندین قۆناغ لەخۆ دەگرێت. دروستکردنی بڕیار، پێویستیی بە بوونی چوار خاڵی جەوهەری هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

١) کەسانی شارەزا
٢) زانیاریی ڕاست
٣) شیکردنەوەی دروست

---

6 ڕەحیم، پەرویز ڕەحیم. (٢٠١٩). فاکتەر و ئەکتەرەکانی کاریگەر لە پڕۆسەی دروستکردنی بڕیار: کوردستان-عێراق وەک نموونە. http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/1582-2019-04-28-11-51-47

7 کنێر عەبدوڵا، "بەشداریی سیاسیی ژنان لە باشووی کوردستان."

٤) پێشبینیی ڕاستەقینە
هەر کاتێکیش هەر دامەزراوەیەکی دەوڵەت بیەوێت بڕیارێک بە شێوەیەکی دروست دەربکات، لەسەری پێویست دەبێت، بە بەرپرسیارێتییەوە ئەو چوار خاڵەی سەرەوە دابین بکات. لەمەیشدا ناتوانێت بە شێوەیەکی تاکڕەوانە ڕەفتار بکات، چونکە ئەمە بەرەو قەیرانێکی گەورەتری دەبات و درزێکی گەورەتر لە نێوان ئەو بڕیارانەی کە دەردەچێت و لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە بڕیارەکەی بۆ دەرکراوە، دروست دەکات.[8]

لە کوردستاندا سیستەمی سیاسیی لە سێ دەسەڵاتی سەرەکی پێکدێت کە چۆنیەتی ڕێوەبەری وڵات و دامەزراوەکانی لەسەر بنیاد دەنرێت کە دەکرێت ببنە ناوەندی دروستکردنی بڕیار کە ئەوانیش؛ دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریین. ئەم دەسەڵاتانەش هەر یەک بەجیا و دواتریش بەیەکەوە لە سەرووی هەموو دەسەڵاتێکی تاکەکەسیی و گروپیین، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەیەکەوە پێکهێنەری وڵاتێکی دیموکراسیی و سەقامگیر و دادپەروەر بن.

هەرێمی کوردستان لە ئاکامی ڕاپەڕینێکی جەماوەری و پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتی هاتە بوون. هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، بۆشاییەکی دامەزراوەیی و کارگێڕیی گەورە دروست بوو بە ئیدارەیەکی ناتەندروستەوە کە جەنگی ناوخۆی لێکەوتەوە. دواتر لە لایەن دوو حزبی باڵادەستەوە، بنەماکانی دامەزراوە پێویستەکان دروست بوون. بە دەربڕینێکی دیکە، حیزب بووە سەرەکیترین جومگەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان.[9] گەورەترین قەیرانی حکومڕانیی لە کوردستاندا بریتییە لە باڵادەستبوونی حیزب بەسەر دامەزراوەکانی حکومەت و سەرۆکایەتییەکانی دیکە. جگە لەوە، چەندین

---

8 ئیبراهیم، هۆگر. (٢٠١٦). سەنتەرەکانی بیرکردنەوە و قەیرانی دروستکردنی بڕیار. (ئۆنلاین) ٢٠٢٢. http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/314-2018-09-02-18-56-38

9 هەمان سەرچاوەی پێشوو

ساڵە بەهۆی ململانێ و ناکۆکی و بۆچوونە جیاوازەکانی حیزبە سیاسییەکان لە کوردستاندا نەتوانراوە دەستورێکی تایبەت بە کوردستان بهێنرێتە ئاراوە.[10]

## ٢,٢ بەشداریی سیاسیی و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار

بەشداریی سیاسیی یان بەشداریی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری جۆرێک لە چالاکی سیاسیی و ئاکتە کە هاوڵاتیانی وڵاتێک بەگشتی و بێجیاوازیی ئەنجامی دەدەن بەمەبەستی کاریگەری دانان لەسەر حکومڕانیی و دەزگاکانی دەوڵەت و هەنگاونان بۆ گۆڕانکاریی ئەرێنی. بەشداریی سیاسیی واتای بەرجەستەکردنی بەشداریی خەڵکە (بێ جیاوازی) لە دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆیان؛ ئەمەش بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەبێت، لە دارشتنی سیاسەت و دانانی سیاسەت لە ژیانی سیاسییدا. بۆیە بەشداریی سیاسیی دەتوانێت پاڵپشتی و بەدواداچوون و شوێنکەوتوویی سیاسەتە هەنووکەییەکان بێت، یاخود هەوڵدان بێت بۆ گۆڕانکاری و دژبوون لەگەڵ ئەم سیاسەتانەدا. ساموێل هانتینگتۆن (S. Huntington) و نێلسۆن (S. M. Nelson) ساڵی ١٩٧٦ "بەشداریی سیاسیی" بە چالاکیی هاووڵاتیان بە مەبەستی شوێندانەری لەسەر پرۆسەی بڕیاری سیاسیی دادەنێن و پێناسەی دەکەن. لە ساکارترین پێناسەدا گەشەکردنی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشکەوتن و هەروەها چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە جۆراوجۆرەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و تەنانەت ئابووریی هەر کۆمەڵگەیەك، بە "پەرەپێدان" دەناسرێت. لە گرنگترین ئامانجە و پێوەرەکانی پەرەپێدانیش، دەتوانین ئاماژە بە کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری و نایەکسانی و هەروەها دروستکردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەسەر بنەمای دادپەروەری و بەپیشەسازیکردنی زیاتری بەشەکانی کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵایەتی و بەگشتی بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریی و شوێندانەریی هاووڵاتیان لە کاروبارە

10 کنێر عەبدوڵا، "بەشداریی سیاسیی ژنان لە باشووری کوردستان."

جۆراوجۆرەکاندا بکەین.[11] بەشداریی سیاسیی کارا و ڕاستەقینەی خەڵکی لە چەند شێوازێك خۆی دەنوێنێت و لە چەند فۆڕم یان کەناڵێکەوە دەردەکەوێت.[12]

### ٢,٢,١ کەناڵەکانی بەشداریی سیاسیی

١) بەشداریی لە ڕێگەی دامودەزگا و دامەزراوە ڕەسمییەکان.

٢) بەشداریکردن لە ڕێگەی دەنگدان لە کاتی هەڵبژاردنەکان.

٣) بەشداریی لە گشتپرسیی و ڕاپرسییەکاندا.

٤) بەشداریی لە ڕێگەی حیزبە سیاسییەکانەوە.

٥) بەشداریی لە نارەزایی جەماوەریی.

٦) بەشداریی بە پەنابردنە بەر ئامرازەکانی فشار وەک خۆپیشاندان و یاخیبوونی مەدەنییانە.

٧) بەشداریی لە گروپەکانی فشار.

٨) بەشداریی لە ڕێگەی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکان.

11 پەروێز رەحیم (٢٠٢١)، بەشداریی سیاسیی ژنان و گەنجان بۆ بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز: دەرفەت و ئاڵنگارییەکان.
http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1893-2021-11-25-07-45-56

12 ڕابەر تەلعەت (٢٠٠٦). گەنج و بەشداریی سیاسیی. چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

## ٢,٣ بەشداریی سیاسیی ئافرەتان و سیستەمی کۆتا

بەدرێژایی مێژوو ئافرەتان لە ناوەندەکانی بڕیاردان و سەرکردایەتیدا پەراوێزخراون، لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا ئافرەتان وا وێنا دەکرێن کە شارەزاییان نییە لە گۆڕەپانی سیاسەت و دەسەڵاتدا چونکە پێیان وایە ئافرەتان بوونەوەرێکی سۆزەکیی و کۆمەڵایەتیین و بۆیە ڕۆڵێکی پاسیڤ و دەرفەتێکی کەمیان پێ دەبەخشرێت بۆ بەشداریی یاخود، پەرەدان بە کارامەیی خۆیان لە ڕێبەرایەتییکردن لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان و ماڵ و منداڵ. مەبەستمان لە ڕۆڵ ئەم ڕوانگانەن: پیاوان بوونەوەری عەقڵانین(Rational) توانای ئیدارەدان، دەستەبەرکردنی موڵک، ڕۆڵی ڕابەڕایەتیکردن و بڕیاردەکردنی سیاسییان هەیە، هەڵبەتە بە دەرئەنجامی زۆر بەرز و باش و سەرکەتووەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕۆڵی ئافرەتان وەک بوونەوەری سۆزەکیی (Emotional) خەملێنراوە؛ تەنها ماڵ بەڕێوەبەر یان منداڵ بەخێوکەرن، واتا تاکی کۆمەڵایەتین نەک سیاسیی.[١٣] ئەم بیروبۆچوونانەش بۆ ماوەیەکی زۆر ئافرەتانی بێبەشکرد لە پێگە بەرزەکانی وەک دەسەڵات، بڕیاڕدان، سیاسەت، حکومەت، دادگا و چەندین پلە و پێگەی دیکە. یەکەم چالاکیی کردەیی و بەشداریی ئافرەتان دەگەڕێتەوە بۆ دوای شۆڕشی فەڕەنسا (١٧٨٩-١٧٩٩)، لە سەروبەندی شۆڕش دا ڕێکخراوگەلی تایبەت بە ئافرەتان بۆ داکۆکی لە مافەکانیان دامەزرا و خوازیاری بەشداریی کردنی ئافرەتان لە سیاسەتدا بوون و ئافرەتانێکی زۆریش لە دەوری ئەو ڕێکخراوانە کۆبوونەوە و لەگەڵ مافەکانی خۆیان ئاشنا کران. لایەنگران و خوازیارانی ئازادی ئافرەتان بۆ نارەزایەتی دەربڕین دژی هەڵاواردنی ڕەگەزیی و بێمافیی ئافرەتان بوون بۆ چوونە نێو پەرلەمان، بۆیەش نامەیەکی نارەزایەتییان بۆ پەرلەمان نووسی کە داواکارییەکانیان ئەوە بووە ئافرەت وەک نیوەیەک لە کۆمەڵگە ئەو حەقەی پێبدرێ بچێتە پەرلەمان و داواکانیان ببەنە نێو پەرلەمانەوە. هەڵبەتە بەشداریی سیاسیی ئافرەتان هەر بەشدارییکردن لە دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆ کاندید کردن ناگرێتەوە کە

[١٣] کنێر عەبدوڵا، "بەشداریی سیاسیی ژنان لە باشووی کوردستان."

باسەکە دێتە سەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری دەکرێ بڵێین ڕێژەی ئەندامبوون و بەشداریی کارایانە لە گشت ناوەندەکانی بڕیار بە هەموو فۆرمەکانەوە لەخۆدەگرێت.

واتا کۆتا تەرخانکردنی ژمارەیەکی دیاریکراوی کورسی ئەنجومەنەکانی یاسادانانە بۆ ئافرەتان. جێبەجێکردنی ئەو سیستەمەیش پێویستی بە پابەندکردنی حزبە سیاسییەکان، ناوەندەکانی بڕیار، پێگە سەرەکییەکانی دەسەڵات و ڕێکخراو و یەکێتی و سەندیکاکانە. بە تەرخانکردنی کورسی بۆ ئافرەتان لەسەر گشت ئاستە ڕێکخراوەییەکانیان. ژمارەیەکی دیاریکراو لە کورسیی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ئافرەتان تەرخان دەکرێت، بە مەرجێك نابێت ئەو ژمارەیە لەو ڕێژەیە کەمتر بێت کە لە یاسادا هاتووە؛ واتە پشکێکی دیاریکراو بۆ ئافرەتان هەیە و پێویستە لە لایەن ئافرەتانەوە پڕ بکرێنەوە. یەکێتیی پەرلەمانیی جیهانی (Inter Parliamentary Union) کە لە ساڵی ١٨٨٩ دامەزراوە، چەند ڕێسایەکی بۆ سیستەمی کۆتای ئافرەتان داناوە. ئەم یەکێتییە زیاتر لە ١٤٠ پەرلەمانی نیشتمانی لەخۆ دەگرێت. تاکوو تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦، زیاتر لە ٦٨ وڵات ئەم سیستەمەیان جێبەجێ کردووە.[١٤]

### ٢,٣,١ جۆرە جیاوازەکانی سیستەمی کۆتای ئافرەتان

**کۆتای دەستووری:** بریتییە لە تەرخانکردنی کورسیی پەرلەمان بۆ ئافرەتان بە دەقێکی دەستووری. چەندین وڵات ئەم سیستەمە پەیڕەو دەکەن و، لە هەندێکیاندا نزیکەی نیوەی کورسییەکان بەر ئافرەتان دەکەون؛ وەك پەرلەمانی ڕواندا، کە بە ڕێژەی ٤٨,٥% بەرزترین ڕێژەی ئافرەتانی پەرلەمانتاری لە جیهاندا هەیە.

**کۆتای یاسایی:** تەرخانکردنی کورسیی پەرلەمان بەپێی دەقێکی یاسای هەڵبژاردن. ئەم سیستەمە لە ئەمریکای لاتین وەك برازیل، ئارژەنتین و مێکزیکۆ پەیڕەو دەکرێت.

---

١٤ ئەلحەزرەمی، سەوسەن سالح. (٢٠١٩). سیستەمی کۆتای ئافرەتان. http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-18-18/item/1533-2019-03-07-19-44-35

هەروەها هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپا، وەك فەڕەنسا و بەلژیك، هەروەها چەندین وڵاتی ئاسیایی، هەمان سیستەم پەیڕەو دەکەن.

**کۆتای یاسایی لە ئەنجومەنە خۆجێیەکاندا:** هیندستان یەك لەسەر سێی کورسییەکانی بۆ ئافرەتان تەرخان کردووە. باشووری ئەفریقایش بە هەمان ڕێژە کورسیی تەرخان کردووە. هەرچی فەڕەنسایە، کاتێك ژمارەی کورسییەکان لە شەش کورسی کەمتر نەبن، بەپێی یاسا پێویستە نیوەی پاڵێوراوانی حزبە بەشداربووەکان ئافرەت بن. ئەم جۆرە بە دەقێکی دەستوور یان یاسایەك ڕێك دەخرێت.

**سیستەمی پشکی حزبی:** ٦١ وڵات ئەم سیستەمە جێبەجێ دەکەن و گرنگترینیان وڵاتانی سکەندیناڤین. تیایدا حزبەکان پابەند دەکرێن نیوەی پاڵێوراوانی ناو لیستەکانیان ئافرەت بن. ئەمە سیستەمێکی پابەندی ئارەزوومەندانەیە و هەندێك جار لە هیچ یاسایەکدا ڕێك نەخراوە، وەك ئەوەی لە ئیتاڵیا و نەرویجدا هەیە. لە هەندێك وڵاتیشدا پابەندێکی ناچارییە وەك سوید. لەم وڵاتانەدا هەڵبژاردن لە ڕێگەی لیستەوە ئەنجام دەدرێت.[١٥]

لە ئێستادا ١٣٣وڵات و هەرێم لەکۆی ١٩٥ وڵات لەسەر ئاستی جیهان ئامادەن کار بەم سیستەمە بکەن (بڕوانە خشتەی ژمارە ٢)[١٦]، ئەگەر چی "سیستمی کۆتا" چارەسەرێکی تا ڕادەیەک گونجاو بوو بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریی سیاسیی ئافرەتان لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان وەک چارەسەرێکی کاتی، بەڵام پێشکەش کردن کارپێکردنی جەدەلێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، بەشێک پێیان وابوو ئەمە

---

١٥ کنێر عەبدوڵا، "بەشداریی سیاسیی ژنان لە باشووی کوردستان."

16 Dahlerup, D., Hilal, Z., Kalandadze, N., & Kandawasvika-Nhundu, R. (2013). Atlas of electoral gender quotas. IDEA.
McCann, J. (2013). Electoral quotas for women: An international overview. Available at: https://www.aph.gov.au/About_Parliament/Parliamentary_Departments/Parliamentary_Library/pubs/rp/rp1314/ElectoralQuotas

جیاکارییە و لەگەڵ بنەما گشتییەکانی یەکسانیدا ناگونجێت و یەکناگرێتەوە، بەم جۆرە ناتوانن گوزارشت لە حەقیقەتیان بکەن و ڕاستی پەراوێزخستنی ئافرەتان دەرناخات و ناتوانن گوزارشت لە ئیرادەی ڕاستەقیەنەی خۆیان بکەن. لەبەرانبەردا بەرگریکارانی بیرۆکەکە ئەگەرچی دانیان بەو جیاکارییەدا دەنا، بەڵام پێیان وابوو سیستەمی کۆتا (جیاکاری ئیجابییە) و لێرەوە دەتوانرێت ئافرەتان لە پەراوێزخستن لە ژیانی سیاسیی و گشتیدا ڕزگاربکرێن و دەتوانن گوزارشت لە ڕاو بۆچوونی خۆیان بکەن و بەشداربن لە پرۆسەی سیاسیی و ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار. دەرەنجام لە چەندین وڵاتی دنیا کارکردن بە سیستەمی کۆتای ئافرەتان تەبەنی کرا. سەیری خشتەی ژمارە ٢ بکە بۆ زیاتر تێگەشتن لە سیستەمی کۆتای جێندەریی وڵاتان.

**خشتەی ژمارە (٢): جۆر و سیستەمی کۆتای ئافرەتان**

| وڵات | جۆر | شێوازی هەڵبژاردن |
|---|---|---|
| ٦٠ وڵات و هەرێمی جیاواز ئەو سیستەمە پەیڕەو دەکەن. لە نموونەی ئەو وڵاتانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتین لە: عێراق، لیبیا، و تونس. | کۆتای یاسایی بۆکاندیدەکان | ئەو جۆرە لە ڕێگەی دەستوور یا یاساکانی هەڵبژاردن دابین کراوە، کە دیاریدەکا کە نابێ کەمتر لە ژمارەیەکی دیاریکراو بۆ ژن یا گرووپێکی دیکە بێ. |
| ٣٦ وڵات و هەرێم ئەو شێوازە پەیڕەو دەکەن. مەغریب و جەزائیر لە نموونەی ئەو وڵاتانەن. | کورسی تەرخانکراوی یاسایی | کورسییە تەرخانکراوەکان ژمارەی ئەو ژنانە دیاری دەکەن کە بۆ دەستە و ئەنجومەنەکان هەڵدەبژێردرێن. |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٧ وڵات و هەرێم، حیزبێک یا زیاتر لە حیزبێکیان هەیە کە کۆتای تایبەت بە خۆیان هەیە، لە نێوانیان: ئەڵمانیا و هۆڵەندا و ئیتاڵیا و کەنەدا. | کۆتای حیزبی ئارەزومەندانە | حیزبە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن لە نێو پەیڕەوی خۆیاندا ڕێژەیەک بۆ بەشداری ژن دادەنێن. |

ئەگەر بێینە سەر باسی عێراق و عێراق بە نموونە وەرگرین، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا مافی بەشداریی ئافرەتان بەپێی دەستور و یاسا "کۆتای ئافرەتان" دیاریکراوە، بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥ لە ماددی (٤٩) بڕگەی (چوارەم)دا هاتووە "یاسای هەڵبژاردن ڕێژەیەک بۆ بەشداربووانی ئافرەتان دادەنێت، بە جۆرێک لە چارەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران زیاتر نەبێت" بە پێی ئەم دەقەش نابێت ڕێژەی کورسی ئەنجومەنی نوێنەران ٢٥٪ بێتە خوارەوە. لە هەندێک حاڵەتیشدا ئافرەتان توانیویانە لەدەرەوی سیستمی کۆتا کورسی ئەنجومەنی نوێنەران ببەنەوە و زیاتر لەو ڕێژەیەی بۆیان دیاریکراوە ئافرەت سەربخەن.[١٧] ئەمە لە کاتێکدایە لە سەرەتای دروسبوونی عێراق و یەکەم پەرلەمانی عێراقدا لە ساڵی (١٩٢٥)ەوە تا ساڵی (١٩٨٠) ئافرەتان مافی خۆ کاندیدکردنیان نەبووە بۆ ئەندامێتی پەرلەمان و (پەرلەمان، ئەنجومەنی گەل یان دەسەڵاتی یاسادانان). لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ و دەستپێکردنی قۆناغێکی کەیە لە عێراق، "سیستمی کۆتای ئافرەتان" بە دەستور و یاسا جێگیر کرا و لە خولی یەکەمی پەرلەمان لە ساڵی (٢٠٠٥) لە کۆی (٢٧٥) ئەندام (٧٠) ئافرەت بوون بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لە عێراقدا لە ژێر سایەی سیستمی

17 Huda Al-Tamimi. Effects of Iraq’s Parliamentary Gender Quota on Women’s Political Mobilization and Legitimacy Post-2003 (Doctorate thesis). Available at: 01 Al-Tamimi Effects of Iraq%27s 2018.pdf (anu.edu.au)

کۆتای ئافرەتان. لە ساڵی (٢٠١٠) و لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنەکە ژمارەیان گەیشتە (٨٣) ئەندامی ئافرەت لە کۆی (٣٢٨) کورسی ئەنجومەنەکە.

لە ساڵی (٢٠١٤) و لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق جارێکی تر (٨٣) ئافرەت بوونە ئەندام لە کۆی (٣٢٨) کورسی ئەنجومەنەکە، (٢٢) ئافرەتیان لە دەرەوەی سیستمی کۆتا بە دەنگی خۆیان گەیشتنە ئەنجومەنی نوێنەران. لە خولی چوارەم و لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠١٨) (٨٤) ئەندامی ئافرەت لە کۆی (٣٢٩) ئەندام سەرکەوتن بۆ ئەنجومەنەکە. بەپێی یاسای نوێی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ژمارە (٩) عێراق ساڵی ٢٠٢٠، لە (١٨) بازنەی هەڵبژاردنەوە زیادکرد بۆ (٨٣) بازنەی هەڵبژاردن، ئەویش لە پێناو سەرکەوتنی ڕێژەی پێویستی "کۆتای ئافرەتان" لە سەرجەم بازنەکانی هەڵبژاردندا بۆ پڕکردەنەوەی ٢٥٪ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، هەر وەک چۆن لە دەستووردا ئاماژەی بۆ کراوە. ئەگەرچی ئەو ڕێژەیە لە ئافرەتان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بایەخی خۆی هەیە لە بەشداریی ئافرەتان لە کایەی سیاسیی عێراقدا، بەڵام نەتواندراوە ئەو ڕێژەیە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و حکومەتدا ڕەنگبداتەوە. سەرباری ئەوەی زۆربەی سیاسییەکانی عێراق بەردەوام جەخت کە گرنگی ڕۆڵی ئافرەتان دەکەنەوە و بە نیوەی کۆمەڵگە ناویان دەبەن، بەڵام لە نێو دەسەڵاتی جێبەجێکردندا لە باشترین دۆخدا ڕێژەکەیان لە ٥٪ تێپەڕ ناکات، سەرەڕای ئەوەی ٢٥٪ی ئەنجومەنی نوێنەرانیان پێکهێناوە. بۆ نمونە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ یەکەم و تاکە وەزیری ئافرەت لە حکومەتی ڕاگوزەردا (نەسرین بەرواری) بوو، کە کرا بە وەزیری ئاوەدانکردنەوە. لە لە ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی (٦) ئافرەت کرا بە وەزیر، کە زۆرترین ڕێژەی بووەو هیچ کات نەگەیشتووەتە ئەو ڕێژەیە بە کابینەی ئێستای حکومەتی کازمیشەوە. لە ساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ لە کابینەکەی ئیبراهیم جەعفەری (٥) ئافرەت پۆستی وەزارەتیان پێ بەخشرا. لە ساڵی ٢٠١٠-٢٠١٦ لە کابینەی یەکەمی نوری مالیکی (٣) ئافرەت وەزارەتەکانی عێرقیان وەرگرتووە. لە ساڵی ٢٠١٠-٢٠١٤ لە کابینەی دووەمی نوری مالیکی (٢)

ئافرەت لە حکومەتی عێراق وەزارەتیان وەرگرتووە. ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٨ لە کابینەی حیدەر عەبادی (٢) ئافرەت وەزارەتیان وەرگرت و یەکێکیان وەک وەزیری دەوڵەت پۆستەکەی وەرگرتبوو دواتر لە سەردەمی ڕاگەیاندنی چاکسازییەکانی عەبادیدا ئەو وەزارەتەش هەڵوەشایەوە. لە ٢٠١٨-٢٠١٩ لە کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی لە سەرەتاوە کابینەکەی هیچ وەزیرێکی ئافرەتی تێدا نەبوو، لە کۆتایی تەمەنی کابینەکەشدا (١) ئافرەت متمانەی لە ئەنجومەنی نوێنەران وەرگرت بۆ وەزارەتی پەروەردە. کابینەی مستەفا کازمی تەنها (٢) ئافرەت لە کابینەی وەزارییەکەیدا لە کۆی (٢٤) وەزیر پۆستی وزاریان لایە.[18] لە کوردستانیش وەک زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژئاواش ٪٣٠ چەسپێنراوە بۆ کۆتای ئافرەتان.

وەک دەبینین "سیستمی کۆتا" وەک چارەسەرێکی سەرەتایی و ڕێخۆشکەر لە زۆر شوێنی دنیا جێبەجێ کراوە، هەرچەندە وەک جیاکاریش لێی بڕواندرێت، بەڵام بۆ واقعێک گونجاوە کە ئافرەتان بە هۆکار و ئاستەنگی کۆمەڵایەتی و کلتوری، لە زۆر وڵاتان دەرفەتی کەمتریان پێدراوە بەشداریی سیاسیی بکەن. سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی چارەسەکردنی حوکمڕانییەکی یەکڕەگەزیی یان پیاوسەنتەریی، کە بۆ بەشێکی زۆری وڵاتی جیهانی سێیەم بە گشتی و وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی ڕاستە. کارکردن بە "سیستمی کۆتای ئافرەتان" بە جیاکاریی ئیجابی "ئەرێنی" ناو دەبرێت، و دەتوانێت پاڵ بە پارتە سیاسییەکانەوە بنێت لەنێو هەیکەل و دامەزراوە حیزبییەکان گرنگی بە ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت بدەن و ئامادەیان بکەن بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، کە ئەمەش یەکێکە لە ئامرازە بەهێزەکانی بەشدارییپێکردن و چالاککردنی ئافرەتان لە نێو ژیانی سیاسییدا و دەبێتە هۆی ڕزگارکردن و پاراستنیان و پاڵپشتیان لە کەنارگیری و پەراوێزخستنیان لە دامودەزگا و دامەزراوەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی لە دەوڵەتدا. بەمەش " کۆتای ئافرەتان" دەبێتە پاڵپشت، جارێک لەڕێگەی بەشداریی لە

---

١٨ درەو میدیا (٢٠٢١)، سیستەمی کۆتای ئافرەتان https://drawmedia.net/page_detail?smart-٨٤١٩=id

چالاکی و ژیانی حیزبی و جارێکیش پاڵپشتی سیاسیی بۆ بەشدارییکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان.

## ٢,٤ بەشداریی گەنجان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار

بۆ پێناسکردنی گەنج زۆر مشتوومڕ هەن زۆر پرسیاریش دێنە گۆڕێ ئاخۆ بە کێ دەگوترێت گەنج؟ گەنجێتی ماوەیەکی دیاریکراوە لە تەمەنی هەر کەسێک یاخود خاسیەتێکی کۆمەڵایەتییە و دەوەستێتە سەر هەر تاکێک بە جودا؟ لە وەڵامدا دەڵێین لە وڵات و کولتوورێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. بۆیە چەندین ناساندن و قۆناغبەندی بۆ ئەم توێژە کراوە. بەشێك پێیانوایە گەنجێتیی گوزارشتە لەگەشەی عەقڵیی، جەستەیی، فیزیکیی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی تاك لە کۆمەڵگە. ئەم چینە دەکەونە حاڵی ئاوێتەبوون لەگەڵ پرسیار و ڕەخنە جدییەکان لەسەر ڕەوشت، ئایین، نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، پرەنسیپە سیاسییەکان کە لە لایەن باوانیان یان کەناڵەکانیتری پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە بەرەوروویان دەبێتەوە.

یونسکۆ پێناسەی گەنجێتیی دەکات وەك تەمەنێك کە تاك تواناکان و بەهرەکانی بەرەوپێش دەبات و ئامادەیە بۆ بەرپرسیارێتی. بەگوێرەی پێناسەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بێت، چینی گەنجان تەمەنەکانی نێوان (١٥-٢٤) ساڵی دەگرێتەوە، واتە قۆناغی نێوان هەرزەکاریی و پێگەیشتوویی. بە هەمان شێوە حکوومەتی سویدی، گەنجان پێناسە دەکات بەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان (١٣-٢٥) ساڵانە و بەشداریی ژیانی مەدەنی دەکەن وەك هاووڵاتی ئەم وڵاتە.

هەندێك جاریش قۆناغبەندی لەناو گەنجێتیدا دەکرێت، وەك قۆناغی یەکەم لە سەرەتای خۆناسینەوە بۆ تەمەنی (٢١) ساڵی و قۆناغی دووەم لە نێوان (٢١-٣٠) ساڵیدایە و قۆناغی سێیەم هەتا (٣٥) ساڵی درێژ دەبێتەوە. ئێستا لە کۆنفرانسە جیهانییەکان هەتا تەمەنی (٤٠) ساڵیش تاك بە گەنج هەژمار کراوە و هەندێك لە توێژینەوەکانیش هەر نایبەستنەوە بە ساڵ و تەمەن، بەڵکوو پەیوەستی دەکەن بە

هەڵسوکەت، ڕەفتار، توانا و ڕوخسار و چەندین تایبەتمەندیی تری کۆمەڵایەتی. یا خود دەکرێت ئەو پرسیارە بخەینە ڕوو ئاخۆ گەنجێتیی قۆناغێکی بایۆلۆژییە لە تەمەنی هەر کەسێکدا یان چەمکێکی سۆسۆیۆلۆژییە کە خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتیی هەڵگرتووە. لە وەڵامدا چەمکە بایۆلۆژیەکە باس لە گۆڕانە جەستەیی و ڕوخساریی و بایۆلۆژییەکان دەکات کە بەسەر هەر کەسێک لە تەمەنێکی دیاریکراودا دێت، و ئەمەش کاردەکاتە سەر سازانی چەندین غەریزە (ئیرۆتیک و سێکس وەک نموونە) چەمکە سۆسیۆلۆژییەکە هەڵگری کۆمەڵێک نیشانەی کولتووریی و کۆمەڵایەتیین، یان شیکاریی بۆ ئەو توێژە دەکەن وەک نوخبەی سەربەخۆییخواز و یاخی لە نۆرم و نەریتی باو، یاخیی لە دەسەڵاتی سەرکوتکەر، نارەزا لە جیلی بەر لە خۆی.[19] دەروونزانی سویسرایی ژان پیاژە (jean piaget) لە تیۆرییەکانی سەبارەت بە گەشەندنی توانایی عەقڵی منداڵ دابەشکارییەک دەکا لە نێوان سێ چین ئەوانیش، منداڵی، هەرزەکاریی، پێگەیشتوویە (childhood, adolescence, adulthood). ئەنتۆنی گیدنز پێیوایە منداڵیی تەمەنێکە لە نێوان ساوایی و هەرزەکارییدا یان بە پێناسەی پیاژە منداڵی قۆناغی پاشکۆیەتییە، کە مەبەست پشت بەستنە بە دایک و باوک. هەرزەکارییش تەمەنی پێگەیشتن و باڵغبوونی کەسەکانە کە لە تەمەنی ١٣-٢٠ دەگرێتەوە، کە چەند خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتیی و جەستەیی لەخۆ دەگرێت، هاوکات زۆر کات قۆناغێکی شەرمەزارییە کە زۆر کات کۆمەڵناسیی هەرزەکاریی دەیخاتە بازنەی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان. پێگەیشتوویی قۆناغێکی مرۆڤە کە لە ٢١ ساڵیدا دەستپێدەکات، لەو ماوەیەدا تاکەکان لەسەر هەموو ئاستە فیمیۆلۆژی و زینی و عاتیفیدا گەشەی خۆیان تێدەپەڕێنن و توانایی بڕیار و سەرکردایەتیی و ڕێوەبەرییان دەبێت.[20] کەواتە دەکرێت بڵێین گەنجان دەکەونە ژێر باری قۆناغی پێگەیشتوویی.

---

١٩ ڕابەر تەلعەت (٢٠٠٦). گەنج و بەشداریی سیاسیی. چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

٢٠ هەمان سەرچاوەی پێشوو

زۆر کات لە پێناسەی دیموکراسیدا دەگوترێت "دیموکراسی نە زۆرترین ئازادییە، نە زۆرترین یەکسانیش، بەڵکو زۆرترین بەشدارییە". گەر سێکوچکەی: سەرچاوەی سروشتیی، سەرچاوەی مرۆیی، سەرمایە، فاکتەری سەرەکیی پەرەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتیی، سیاسیی بن، ئەوا "بەڕێوەبردن" و "دانانی سیاسەتە گشتییەکان" بە ئەڵقەی پێکگەیاندنی ئەم سێکوچکەیە دادەنرێن. بۆیە لەم نێوەندەیشدا توێژی گەنجان وەکو ناوەڕۆك یاخود گەوهەری گۆڕانکارییەکان لە لایەك و سەرمایەی مرۆیی لە لایەکی دیکەوە، بەهۆی تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی تەمەن، خوێندەواری، پسپۆڕی و پێگەیشتوویی و دەروونی و جەستەیی، دەتوانن ببن بە داینەمۆی سەرەکیی پەرەپێدانی وڵات؛ چونکە سەرمایەی ماددی و سروشتی بەپێی تێپەڕینی کات دەتوانێت کۆتایی پێ بێت، بەڵام سەرمایەی مرۆیی بەپێی سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنان زیاتر گەشە دەکات. بەشداریی سیاسیی گەنجان لە ناوەندەکانی بڕیار، دەکرێ پەیوەندیی بە بەرزبوونەوەی هەستیارییان لە هەمبەر کاروباری گشتیی کۆمەڵگەکەیان و هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی بەرپرسیارێتییانەوە هەبێت. [٢١]

## ٣ پاشخانی ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان و گەنجان لە سەندیکا و یەکێتییەکان

لەم بەشەدا، جگە لە خستنەڕووی پاشخان و باکگراوندێک لەسەر ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان و گەنجان لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەنجامەکانی ڕاپرسی و مێزگرد و لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەمان خراوەتە ڕوو.

---

٢١ پەروێز ڕەحیم (٢٠٢١)، بەشداریی سیاسیی ژنان و گەنجان وەک بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز: دەرفەت و ئاڵنگارییەکان. http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1893-2021-11-25-07-45-56

## ٣,١ ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەتان و گەنجان بەپێی یاسا و دەستوور و پراکتیزە کردنی لە واقعی هەرێمی کوردستان

ڕەنگە پێویست بێت بپرسین دانپێدانان و بەرجەستەکردنی مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و مافەکانی ئافرەت بەتایبەتی، بەتایبەتتر لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟ بەگشتی و لە ڕووی مافەکانی ئافرەتەوە بەتایبەتی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای سەرجەمی ناوچەکانی تری جیهانەوەیە. سەرەڕای هەندێک هەنگاوی گرنگ و پێویست لە سۆنگەی چەسپاندنی یەکسانیی جێندەرییەوە، بەڵام هێشتا زۆرترمان دەوێت و دەبێت بە چاوی ڕادیکاڵییەوە، لە پرسی پێگە و مافەکانی ئافرەت نزیک ببینەوە. گرنگە لەوەی تا ئێستە کراوە، زیاتر بکەین و نەوەستین، تا لای کەمی ئەفسانەی دوالیزمی جێندەریی نێر/مێ تێپەڕێنین، بەو پێیەی وەها دوالیزمێک، بووەتە ڕیشەی زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تر. ئەگەر باس لە توێژی گەنجانیش بکەین لە کوردستان ئەوا سەرچاوە و داتاکان دەڵێن لە هەرێمی کوردستاندا لەناو سەرجەم چین و توێژەکاندا، زۆرترین گەنجە بەپێی پێوەرە دیمۆگرافییەکە، بەڵام ڕووبەڕووی چەندیین گرفت دەبنەوە چ لە ڕووی سایکۆلۆژیەتی خۆیان، گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، بەربەستی ئابووری و خراپی ئاستی دارایی، یان بەربەستی سیاسیی.  بۆیە دەستبردن بۆ ئەو دیاردانەی وەک کەمی بەشداریی ئافرەتان و گەنجان بەبێ دەستبردن بۆ ڕیشەی بابەتەکە، ئەگەری سەرکەوتنمان کەمتر دەکاتەوە.[٢٢] بۆ زیاتر تێگەیشتنی زیاتر و بەرچاوڕوونی زیاتریش لە ڕووی یاسایی و پراکتیکییەوە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا باشترە بگەڕێینەوە بۆ بەشێك لە بڕیار و  یاساکان و پرۆژە یاساکانی تایبەت بە مافی ئافرەتان و گەنجان، بۆ نموونە:

---

٢٢ سەرکەوت جەلیل (٢٠١٨). مافەکانی ژن: تیۆریا و پراکتیک. (ئۆنلاین) ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، 24-syasi.pdf

بەپێی **دەستووری عێراق**: لە ماددەی ١٦ ی بەندی دووەمدا هاتووە کە "یەکسانی هەل مافێکی هەموو عێراقییەکانە، دەوڵەتیش ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتە بەر بۆ بەدیهێنانی ئەم مافە"

لە ماددەی ٢٠ی بەندی دووەمیش هەر تایبەت بە مافەکان دەڵێت "هەموو هاوڵاتیان بە ژن و پیاوەوە مافی بەشداریکردنی لە کاروباری گشتی و شاد بوون بە مافە سیاسییەکان هەیە لەوانەیە مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن" ئەوە لە کاتێکدایە کە لە هەموارکردنەوەی یاسای سزادانی: یاسای ژمارە (٧) ساڵی ٢٠٠٠ تایبەت بە هەمواری ماددەی (٤١) ی تەمبێکردنی ئافرەتە. لە کوردستاندا، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٠٢دا، مادەکانی ١٢٨، ١٣٠، ١٣١، ٤٠٩ی یاسای سزادانی عێراقیی هەموارکردۆتەوە، بەو پێیەش چیتر کوشتن بە بیانووی شەرەف، بە بیانووی یاسایی سزاسوککەر لەقەڵەم نادرێت. یاسای دەرماڵەی مناڵبوون و دایکایەتی هەرێمی کوردستان: ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٣). بەپێی یاساکە، ئافرەت بە درێژایی مۆڵەتی مناڵبوون یان دایکایەتی، مووچە و دەرماڵەی تەواو وەردەگرێت. ئەمەش خاڵێکی ئیجابییە و زیاتر لەگەڵ مادەی ١١ بڕگەی ٢ی پەیماننامەی مافەکانی ئافرەتدا دێتەوە. چونکە مناڵبوون بارێکی سروشتییە. یاسای دەستەی گشتیی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان؛ لە مادەکانی ٦، ٩، ١١، ١٢ی یاساکەدا، کە تایبەتن بە چۆنێتیی هەڵبژاردن و دامەزراندنی سەرۆک و جێگر و ئەندامانی دەستەکە، هیچ ئاماژەیەک بە دانانی کۆتایەکی تایبەت بە ئافرەتان نەکراوە. هەڵبەتە یاساکە نەشی وتووە ئەو کەسانە هەر دەبێت پیاو بن. یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان: یاسای ژمارە (٩) ساڵی (٢٠٠١) تایبەت بە سزای زیناکار ماددەی ٣٧٧. ئەم یاسایە، بەراورد بەوەی دەستەی گشتیی دەستپاکی، زیاتر لەگەڵ مافەکانی ئافرەتدا دێتەوە. بەو پێیەی لە مادەی ٥ی یاساکەدا کراوە بە مەرج، کە لەکاتی پێکهێنانی ئەنجوومەنی کۆمسیاراندا، نوێنەرایەتیی ئافرەتان مسۆگەر بکرێت، یاساکە ڕێژەی ئەو نوێنەرایەتییەی ئافرەتانی دیاری نەکردووە. یاسای هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و یاسای هەڵبژاردنی

ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەم دوو یاسایەدا، بەراورد بە یاساکانی عێراق، هەنگاوێکی باشتر بە ئاراستەی مافەکانی ئافرەتدا هاوێژراوە.[٢٣]

لە مادەی ٢٠ی **پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق** ٢٠٠٩ بە هەمان شێوە ئاماژە بە یەکسانی ڕەگەزیی کراوە و دەڵێت "پیاو و ژن بەرانبەر بە یاسا وەک یەکن و حکومەتی هەرێم دەبێت هەوڵ بدات هەموو کۆسپێک لە ڕێگای یەکسانی لە ژیان و مافە شارستانی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووریەکاندا لابەرێ و حکومەتی هەرێم دەبێت ئەو مافانەی لەم دەستوورە و لەو پەیماننامانەدا هاتوون کە لەلایەن حکومەتی عێراق پەسند کراون بۆ هەمووان دەستەبەر بکات" لە ماددەی ٢١ی تایبەت بە مافی هاونیشتیمانی نووسراوە "هەر هاوڵاتییەک ١٨ ساڵی تەواو کردبێت بۆی هەیە پۆستە گشتییەکان وەربگرێت" کە خاڵێکی ئەرێنی دەستوورەکەیە. لەپاڵ ئەوانەشدا لە ماددەی ٢٦ دا ئاماژە بەوە کراوە کە "حکومەتی هەرێم مافی دامەزراندنی کۆمەڵە و سەندیکا و ڕێکخراو و یەکێتییە پیشەییەکان و چوونەناویان بە ئازادانە دەستەبەر دەکات و ئەمەش بە یاسایەک ڕێکدەخرێ" واتا تاک ئازادە لە بەشداریی و ئەندامبوونی لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان بێ جیاوازی. **یاسای هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان**: لەم دوو یاسایەدا، بەراورد بە یاساکانی عێراق، هەنگاوێکی باشتر بە ئاراستەی مافەکانی ئافرەتدا هاوێژراوە. وەک ئەوەی لە ماددەکانی چوارەم و حەوتەمی هەردوو یاساکەدا دەردەکەوێت، مەرجە لیستی هەڵبژاردن بۆ هەردوو دەزگاکە بەجۆرێک ڕێکبخرێت، کە ڕێژەی نوێنەرایەتیی ئافرەت تێیدا لە ٣٠٪ کەمتر نەبێت، لەکاتێکدا لە عێراقدا ٢٥٪ە . لە ئێستا و لەم قۆناغەدا،

---

٢٣سەرکەوت جەلیل. (٢٠١٨). مافەکانی ژن: تیۆریا و پراکتیک.

دانانی وەها کۆتایەک بە سوودی بەشداریی زیاتری ئافرەت لە ناوەندەکانی بڕیاردا، دەشکێتەوە.[٢٤]

سەرەڕای بنەما یاسایی و دەستووریەکان بۆ ڕەچاوکردنی یەکسانیی و ئازادیی ڕەگەزیی، چەندین پرۆژە و پلان و ستراتیژییەتی گرینگ هەبوونە لەو بارەیەوە بۆ نموونە: **بڕیاری ١٣٢٥ کە لە ساڵی ٢٠٠٠ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ناوی "ئافرەت، ئاشتی، ئاسایش"** دەرکرا، یەکەم بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشە لەبارەی ئافرەتان دەرکرابێت، بەڵام کەمترین وڵات کارییان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە کردووە. بۆ جیبەجێکردنی بڕیارنامەی ١٣٢٥ لە ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن سکرتاریەتی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڕیاری ١٨٨٩ دەرکرا، کە پێکهاتووە لە چوار بنەمای سەرەکی بۆ پاراستنی ئافرەتانە و چارەسەرکردنی کێشەکانیان، ئەوانیش: ڕێگریکردن، پاراستن، بەشداریکردن، دەستپێکردنەوە. بەشداریکردنیش مەبەست لێی بەشداریکردن و زیادکردنی ئافرەتانە لە ناوەندەکانی بڕیاردانداا لە پرۆسەی ئاشتی و دامەزراوەکاندا، هەروەها زیادکردنی ژمارەی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ئافرەتان، زیادکردنی ئافرەتانیشە لە پۆستە باڵاکانی ناو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆی پرۆسەی ئاشتی لە ئاستی جیهانیدا. ئەو وڵاتانەی بەڵێنی جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ١٣٢٥ داوە، لە ئەفریقا ژمارەییان ٢٦ وڵاتە، لە ئەمریکا ٩ وڵات، لە ئاستی وڵاتانی زەریایی هێمن و ئاسیا ١٣ وڵات، لە ئەوروپا ٣٥ وڵات، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەوقازیش ٩ وڵات بەشدارن، کە عێراق یەکەم وڵاتە بەشداری ئەو بڕیارنامەییەی کردووە. ئەگەرچی کۆی گشتی زیاتر لە ٩٢ وڵات پابەندی خۆیان بە بڕیارنامەکەوە دەربڕیووە، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان تا ساڵی ٢٠١٥ تەنها ٪٣٢ وڵاتان کاریان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەکردووە. لە ٢٠١٤-٢٠١٨ **پلانی کاری نیشتیمانیی عێراق بۆ بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان** دەرچوو کە لە یەکێک بە پیلارە سەرەکییەکانی باس لە گرنگیی زیادکردنی ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان

٢٤ هەمان سەرچاوەی پێشوو

دەکاتەوە لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار و داڕشتنی سیاسەتی کوردستان و عێراق. [٢٥] بەڵام هێشتا نیشانەی پرس لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکە و هەیە. هەڵبەتە **ئەولەویەتی جێبەجێکردنی پلانی کاری نیشتیمانی و پلانی فیاکەوتن بۆ بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش ژمارە ١٣٢٥ی ساڵی ٢٠١٦** لە کوردستاندا دوای شازدە ساڵ لە بڕیاری ١٣٢٥ ئامادە کرا، دووبارە بەشێك لە ئامانجەکانی بریتی بوون لە گرنگیی یەکسانیی لە دەرفەت بۆ هەردوو ڕەگەز و بەشداریی کارایی ئافرەتان. یەکێکی دیکە لە پلانەکان کە لە ساڵێ ڕابردوو پەخشان کرا بریتی بوو لە **پلانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئافرەت، ئاشتی و ئاسایش (٢٠٢١-٢٠٢٤).** کە ئامانجی سەرەکی و پیلار و یەکەم و گرنگترینی بریتییە لە بەشدارییکردن و زیادکردنی ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیاری هەرێم.

شایەنی باسە چەند ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە مافی ئافرەتانمان هەیە کە دووپات و جەخت لەسەر گرنگیی مافی مرۆڤ و بەشداریی ئافرەتان و لادانی جیاکارییەکان دەکەنەوە وەک: پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆمافە مەدەنی و سیاسییەکان (**ICCPR**) لە ساڵی ١٩٦٦، پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکان( **ICESCR** ) لە ساڵی ١٩٦٦، هاوشانی ئەمانە پەیماننامەی سیداو **CEDAW** (ڕێککەوتنامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازییەک دژی ئافرەتان Convention on Elimination of All Forms of Discrimination Against women) یەکێکە لە گرنگترین ڕێککەتنامە نێودەوڵتییەکان کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٧٩ پەسند کراوە دوای واژوو و ڕەزامەندی ١٨٩ دەوڵەت. عێراق لە ڕێکەوتی ١٩٨٦/٨/١٣ واژووی کردووە. بەڵام وەک ڕوونە زۆربەی

25 Implementation of Iraq national action plan for UNSCR 1325, 2012-2018

مەرجەکانی یەکسانیی و ماددەکانی ئەم ڕێککەوتنانە دەستەبەر نین لە عێراقدا و بەشی زۆری جیبەجێ نەکراون پوچەڵ کراونەتەوە.

ئەگەر بێینەوە سەر باسی کوردستان، لە هەرێمی کوردستاندا دوو لە کارکردە هەرە گرنگەکانی دیکەی تایبەت بە مافی ئافرەتان بریتی بووە لە **ستراتیژیی نیشتیمانیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان** بۆ ماوەی ١٠ ساڵ (٢٠١٧-٢٠٢٧) کە بە بڕیاری ژمارە ٨ ی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم ژمارە ١٤ی ٢٠١٢/٩/١٩ پەسندکراوە. **ستراتیژیەتی نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان** بۆ ماوەی ١٠ ساڵ (٢٠١٦٢٠٢٦) کە بە بڕیاری ژمارە ٩٨ی ئەنجوومەنی وەزیران لە ٢٠١٦/١١/٢٢ پەسند کراوە. کە دوو لە پیلارەکانی کاردکردنیان بریتییە لە بەشدارییکردنی ئافرەتان و بەتواناکردنیان لە بواری ئابووریدا، هەروەها بەشدارییکردن لە بواری سیاسیی و بڕیارداندا.

هاوپێچی ئەو دەستپیشخەریانە تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی، بەو دواییانە چەند بڕیار و پلانێکی نیشتیمانی تایبەت بە بەرەوپێشچوون و هاتنە پێشی گەنجانمان هەیە، یەک لە بڕیارە هەرە گرنگەکان بۆ گەنج بریتییە لە **بڕیاری ٢٢٥٠ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان** کە لە ڕوانگەی ئاشتیی و ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتی گەنجاندا دەکات، هەوڵەکانی گەنجان لەبنیاتنانی ئاشتیدا جێ دەکاتەوە. کە سیاسەت و بەرنامەکانی بڕیارەکە دەبێت لەلایەن وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە پێشببرێت. بێگومان ئەم چوارچێوە سیاسیە جیهانییە، کە لەلایەن UNSCەوە لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٥دا خرایە ڕوو، پێنج لایەن بە کۆڵەکەی باسەکە دەبینێت کە ئەمانەن: بەشداریکردن، پاراستن، ڕێگرییکردن، هاوبەشیکردن، لێک هەڵوەشانەوە و دووبارە تێکەڵبوونەوە. ئەم پێنج کۆڵەکە و بڕیارەکەش خودی خۆی ڕووانینێکی نوێ سەبارەت

بە گەنجان و تواناکانیان لە سەرانسەری جیهان نیشان دەدات. [26] هەڵبەتە جێگەی مشتومڕ و بایەخە کە سەرەڕای هەبوونی ڕێژەیەکی زۆر لە گەنجانی کوردستان هیچ پلان و ستراتیژییەتێکی تایبەت بە مافەکانی گەنج و گرنگی دان بە پێشوەچوونی تواناکانی گەنجان بوونی نەبووە.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت سەرەڕای هەبوونی چەندین دەسپێشخەری لە ڕووی یاساییەوە لە زۆر بوارەکان بۆ فەراهەمکردنی یەکسانیی جێندەریی و شەفافیەت و دیموکراسیی، بەداخەوە کە هێشتاکە کەم پراکتیزە دەکرێن و ناچنە قالبی جێبەجیکردنەوە، ئەویش بەهۆی مانەوە و زاڵبوونی چەندین بەربەستی سەرەکی و گوتارە کلاسیکەکان لە بەردەم ئافرەتان و گەنجان بۆ هاتنە پێشەوە و وەرگرتنی مافەکانیان کە دەکرێ کاری جدیتریان لەسەر بکرێ.

---

26 United Nations Security Council resolution 2250: United Nations Development Programme. UNDP. (n.d.). Retrieved November 28, 2022, from https://rb.gy/wzhykv

## ٣,٢ سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی کوردستان: یاسای دامەزراندنیان و کار و پرۆژەکانیان

### باسێکی گشتیی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان

سەندیکا لە پێناسە هەرە سادەکەیدا کارکردنی کۆمەڵێك خەڵکی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەشە بەیەکەوە، کە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان لەژێر چەتری سەندیکایەک لە شێوەی ڕێکخراوەیی کۆدەبنەوە و چالاکی و تواناکانیان دەخەنە گەڕ. هەر سەندیکایەک و بۆ مەبەست و مەرامی دیاریکراوی کۆمەڵانێک دێتە بوون(سەندیکای کرێکاران بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بە نموونە). باشترین ستەیجیش بۆ نمایش و کار و کارکردی سەندیکاکان سیستەمێکی سیاسیی دیموکراسییە، واتا سەندیکاکان وەک ڕێکخراوی مەدەنی دەکرێت ببنە دەنگێک کە سازێنەری ڕای گشتی بن و لەپاڵ پارتە سیاسییەکان گۆڕانکاریی لە حکومڕانیی سیاسیی دا بکەن. زۆر جار هەبووە بە هاتنە مەیدانی سەندیکا کابینەی حکومی ناچاری وازهێنان کراوە، یان کە سەندیکایەک چووەتە پاڵ حزبێکی سیاسیی لە هەڵبژاردنەکان ئەنجامەکان باڵانسی هێزیان گۆڕیووە.[٢٧] هەوڵدەدەین لە بەشەکانی داهاتوودا ناساندنێک و خوێندنەوەیەک بۆ بەشێک لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی هەرێمی کوردستان بە وردەکارییەوە بخەینە ڕوو.

مێژووی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کە ڕژێمی بەعس لەژێر کاریگەری سیستەمی سۆسیالیستی کۆمەڵێک سەندیکای وابەستە بە حیزبە سیاسییە باڵادەستەکانی کوردستان دامەزراند، کە لەژێر هەژموونیەتی سیاسەتی بەعس بڕیارەکانیان دەردەکرد.[٢٨] دوای ڕاپەڕینیش ئەم

٢٧ ئەردەلان عەبدوڵا (٢٠١٢). چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی چییە
http://dengekan.ca/archives/22775

٢٨ هیوا سەید سەلیم (٢٠١٦). سەندیکاکانی کوردستان بۆ هەڵوەشانەوە باشن. https://www.shanpress.com/Wtardetails.aspx?jimare=183

سەندیکا و یەکێتیانە مانەوە بەڵام کوردستانی نەبوون، بەڵکوو سەر بە یەکێک لە دوو زۆنی زەرد و سەوز بوون. ئەم حاڵەتە تاکوو گرێدانی ڕێککەوتنی ستراتیژی لە ٢٠٠٧ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەردەوام بوو. دوای ئەو ڕێککەوتنە، بەشێک لە سەندیکا و کۆمەڵەکان یەکیان گرتەوە و سکرتاریەتێکی نوێیان پێک هێنا. بەڵام پرۆسەی یەکگرتنەوە، زۆر جار تەگەرەی تێ دەکەوت، چونکە لە یەکگرتنەوەی ئەو کۆمەڵە و سەندیکایانەیشدا، ڕەچاوی دوو حیزبە سەرەکییەکە دەکرا. [٢٩] دواتر بەپێێ کات و سەردەم ڕێژەیان زیاتر بوو و هەر یەک بۆ مەبەستی جیاواز بەپێی مادده تایبەتەکانی یاسا و دەستوور دامەزران.

بەپێی سەرچاوەکان کێشەیەکی گەورەی ئەو سەندیکا و یەکێتییە پیشەییانە ئەوەیە کە داهاتێکی تایبەت بە خۆیان نییە و پشت بەو هاوکارییە دەبەستن کە حکوومەت پێیان دەدات. ئەو هاوکارییەیش بڕە پارەیەکی کەمە لە لایەک و، لە لایەکی دیکەیشەوە یاسایەک نییە ئەو بڕە پارەیە ڕێک بخات. بۆ ماوەیەک، تاکە سەرچاوەی داراییان لە ڕێگەی حزبەکانەوە بوو. نەبوونی سەربەخۆیی دارایی ڕێگرێکی گەورەیە لە بەردەم کارکردنی ئەم کۆمەڵە و سەندیکایانە. وێڕای ئەوەی کە هەست ناکرێ ئەو کۆمەڵە و سەندیکایانە، چالاکی خۆیان هەبووە و ناکرێ لێکدانی سفری بکەین، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە وەک دامەزراوەی پێویست و کاریگەر لە ئاستی هەرێمدا دەربکەون. ئەندامەکان، وەکو کاری خۆبەخش تەماشای سەندیکا و ڕێکخراوەکان ناکەن، بەڵکوو زۆر کەم ئاگاداری ئەو چالاکییە کەمانەن کە ئەو کۆمەڵە و سەندیکایانە ئەنجامیان دەدەن. زۆربەی ئەندامەکان، حەز ناکەن هیچ ئەرکێکی خۆبەخشیان پێ بسپێردرێت.

---

٢٩ مراد حکیم (٢٠١٦). ڕەوشی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان. http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/255-2018-09-02-18-56-38

لێرە بەدواوە کۆمەڵێک لە سەندیکا و یەکێتییەکان، پەیڕەوی ناوەخۆ و کار و چالاکی و ژمارەی کۆنگرەکانیان نیشان دەدەین.

## سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان:

بە گوێرەی یاسای ژمارە(٤) ساڵی ١٩٩٨ و هەمواری ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠٠٤ ، پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە، هەروا بەگوێرەی یاسای رۆژنامەگەریی ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧، سەندیکای رۆرژنامەنووسانی کوردستان وەکو تاقە ئۆرگانی فەرمی میدیاییە لە هەرێمی کوردستان و ئەندامی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ)، سەندیکا خاوەنی ٧ لق و ٣ نووسینگەیە بۆ راپی کردن و کاروباریی رۆژنامەنووسان، و ٥ لێژنەی هەیە.  دەربارەی کۆنگرەکانی سەندیکا کۆنگرەی دامەزراندنی لە ١٩٩٨ بووە، کۆنگرەی گشتی یەکەم لە ٢٠٠٣/١٢/١٣ لە هۆڵی میدیا لە هەولێر بە ئامادەبوونی ٤٧٥ رۆژنامەنووس بووە، کۆنگرەی گشتی دووەم لە ٢٠٠٧/١٢/٢٧ لە هۆڵی رۆشنبیری لە هەولێر بە ئامادەبوونی ٣٦٣ رۆژنامەنووس بووە، کۆنگرەی گشتی سێیەم لە ٢٠١١/٧/٢١ لە هۆڵی پێشەوا لە هەولێر بە ئامادەبوونی ٣٩٦ رۆژنامەنووس بووە.[٣٠]

## سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان:

بەپێی یاسای ژمارە ١٥ ی ساڵی ١٩٩٩ لە کۆنگرەی یەکەمی کە لە رێکەوتی ٢٧-٤-٢٠٠٠ لە شاری هەولێر بەسترا دامەزراوە، سەندیکایەکی پیشەیی تایبەت بە ئەندازیارانە، بارەگای سەرەکی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە. ئیش و کارەکانی سەندیکا لە لایەن ئەنجومەنێکەوە بەڕێوەدەبرێت بە ناوی (ئەنجومەنی سەندیکا) کە بریتیی یە لە نەقیبی سەندیکا و هەشت ئەندامی ئەنجومەن .لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم بە شاری کەرکوکیشەوە لقی هەیە و دەستەی بەرێوەبردنی لقەکان

---
٣٠ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان https://www.kurdjs.com/kurdish/ema

پێك هاتووە لە سەرۆكی لق و ئەندامانی لێژنەی لق، ئەنجومەنێكی ڕاوێژكاری هەیە كە پێك هاتووە لە نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەن و سەرۆكی لقەكان.[٣١]

## سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان:

ئەم سەندیکایە بەپێی یاسای ١ی ساڵی ١٩٩٩ دامەزراوە، سەندیکا لەم بەشانە پێک دێط: دێت: دەستەی گشتی، ئەنجوومەنی سەندیکا، لێژنەی ئینزیبات، هۆبەکانی سەندیکا و لێژنەکانی، لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکان.[٣٢]

## سەندیکای پارێزەرانی کوردستان:

بەپێی یاسای ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٩ دامەزراوە، لە ٢٠١٥ و ساڵێک ونیوێک دوایی هەڵبژاردن لە ساڵی ٢٠١٨ واتا سێ ساڵ، لەوکاتەوە چەندین جار کاتیان دیاریکردووە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی نوێنەران ئەنجام بدەن بەڵام نەکراوە، لە سالی ٢٠١٩ نوێنەران هەڵبژێردران و لە ٢٠١٩-١٠-٣١ کۆنگرە بەستراو ٢٠١٩-١١-٢٨ یان دانا بۆ رۆژی هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی لیستەکان لەنیوان خۆیاندا کێشەیان هەبوو بەهۆی ململانێ و کاریگەری حزبی نەکرا. دواتر، ئەنجومەنی سەندیکا بە پێی مادەی ٥٠ لە یاسایی پارێزەرایەتی داوای دانیشتنێکی دیکەی نائاسایی کۆنگرەیان کرد، دووبارە کۆنگرە دانیشت و مانگی ٢ ی ٢٠٢٠ دیاریکرا بۆهەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەن بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەکرا، شایەنی باسە سەندیکا لە لە دەستەی گشتی پارێزەران، نەقیبی پارێزەران، و ئەنجومەنی سەندیکا و لقەکانی پارێزگاکان پێک دێت.[٣٣]

---

٣١ سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان /http://www.andazyar.org

٣٢ یاسای سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، https://www.parliament.krd/media/

٣٣ سەندیکای پارێزەرانی کوردستان https://kba.krd/ku/

## سەندیکای پزیشکانی کورسستان:

له ساڵی١٩٩١ دامەزراوە، پێک دێت لە: دەستەی گشتی، ئەنجومەنی سەندیکا، لێژنەی بەرخەپتی، دەستەی لقەکانی پارێزگاکان. چوار لقی هەیە (هەولێر و دهۆک و سلێمانی و کەرکوک). دوای دوولەت بوون بۆ هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی، سەندیکای پزیشکان لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٠ دووەم کۆنگرەی وەک دوا کۆنگرە ئەنجامداوە و لە سلێمانیش لە ساڵی ٢٠٠٤ سێیەم کۆنگرە ئەنجامدراوە. [٣٤]

## سەندیکای پزیشکانی دروستی ئاژەڵ (ڤێرتنەری):

بەپێی یاسای ژمارە ٩ ی ساڵی ١٩٩٨ دامەزراوە، سەندیکا لەمانە پێک دێت دەستەی گشتی، ئەنجوومەنی سەندیکا کە لە نەقیب و شەش ئەندامی سەرەکی و دوو ئەندامی لاوەکی پێک دێت، لێژنەی ئینزیبات کە لە سێ ئەندامی سەرەکی و دووی لاوەکی پێک دێت و لقی پارێزگاکان کە لە سێ ئەندامی سەرەکی و یەک ئەندامی لاوەکی پێک دێت. [٣٥]

## سەندیکای پزیشکانی ددان:

ئەم سەندیکایە بەپێی یاسای ژمارە ٤٥ ی ساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە، پێکهاتووە لە هەیئەی گشتی، ئەنجوومەی سەندیکا، لێژنەی زەپتی، هەیئەتگەلی لقەکان لە پارێزگاکان. [٣٦]

## سەندیکای دەرمانسازان:

بەپێی یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٩٩ دامەزراوە، ئەمەش هاوشێوەی سەندیکاکانی تر لە دەستەی گشتی، ئەنجوومەنی سەندیکا، لێژنەی ئینزیبات و لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکان پێک دێت. [٣٧]

---

٣٤ یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان https://rb.gy/jun48w
٣٥ یاسای پزیشکانی دروستی ئاژەڵ
٣٦ یاسای سەندیکای پزیشکانی ددان https://www.yasaii.info/2a/item/352-tt1.html
٣٧ یاسای سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان https://rb.gy/piwm3s

## سەندیکای کارمەندانی تەندروستی:

سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان درێژکراوەی سەندیکای کارمەندانی پیشەیی تەندروستی کوردستان کە لە ٢٠٠٩/١/٢٥ لە ئەنجامی یەکگرتنی هەردوو سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان(سلێمانی) سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستیەکان (هەولێر) دورستبووە، کە سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە٢٥-٤-٢٠٠٠ لە هۆڵی میدیا یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەست و ئەنجومەنی باڵا و ئەنجومەنی گشتی پێکهێناو سەندیکای کارمەندان تەندروستی کوردستان لە ١٣-٢٠٠٠/٩/١٤ یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە هۆڵی ڕاپەرینی سلێمانی بەست و مەکتەبی تەنفیزی و سکرتاریەتی پیکهێنا وهەر بۆیە دوای ٩ ساڵ لە دروستبوونی دوو سەندیکا سەرەنجام یەکگرتنەوە ئەنجام دراو لە ٢٠١١/١/٢٠ کۆنفرانسی ناوچەییەکان ئەنجامدرا بۆ دەستنیشانکردنی (٢٠٠)ئەندامی کۆنگرەی دووەمی سەندیکا و(٧) لیست بەشداریان تێدا کرد. لە١١و١٢-١-٢٠١٢ دووەمین کۆنگرەی سەندیکا لە هەولێر بەسترا. سەندیکا پێک دێت لە دەستەی گشتی، ئەنجوومەنی سەندیکا، لێژنەی ئینزیبات، لقەکانی پارێزگاکان کە لە ٩ لق پێک دێن (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، سۆران، ئاکرێ، زاخۆ، گەرمیان و ڕاپەرین).

## سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان:

بەپێی یاسای ژمارە ٨ ی ساڵی ١٩٩٨ دامەزراوە، بەمەبەستی بوژانەوەی لایەنی هونەریی و مەعریفی کۆمەڵگە. سەندیکا پێل دێت لە: دەستەی گشتی، ئەنجوومەنی سەندیکا، لێژنەی بەرزەفتکاری، لقەکانی سەندیکا، و هۆبەکان.

## سەندیکای جیۆلۆجیانی کوردستان:

بەپێی یاسای ژمارەی ٢ی ساڵی ١٩٩٩ و **سەندیکای کیمیاگەرانی کوردستان** بەپێی یاسای ژمارە ١١ ی ساڵی ١٩٩٩ دامەزراون، ئەم دوو سەندیکایەش هەمدیس پێک

دێن لە دەستە گشتی، ئەنجوومەنی سەندیکا، لێژنەی بەرزەفتی، لقەکانی سەندیکاکان لە پارێزگاکان.

**یەکێتی دادوەرانی  هەرێمی کوردستان کوردستان:**

ئەم یەکێتییە بەپێی یاسای ژمارە ١٦ ی ساڵی ٢٠٠٦ دامەزراوە، بەمەبەستی سەرورەری یاسا و دابینکردنی مافی دادوەران. ئەم یەکێتییە پێک دێت لە دەستەی گشتی، کە باڵاترین دەسەڵاتی یەکێتییەکەیە، ئەنجوومەن، کە لە حەفت ئەندامی سەرەکی و دووی لاوەکی پێک دێت، وە لقەکانی پارێزگاکان کە لە سەرۆکی لق و دوو ئەندامی سەرەکی و ئەندامێکی لاوەکی پێک دێت.

**یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان:**

بەپێی یاسای ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٦ دامەزراوە، کەکار بۆ پێشخستنی یاسادانەریی و فەرهەنگی زانستی دەکات بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو پرۆژە و پێشنیازانەی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان دەکرێ و تا ئێستا سێ کۆنگرەیان کردووە.

**یەکێتی جوتیارانی هەرێمی کوردستان:**

ئەم یەکێتییە بەپێی یاسای ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠١ دامەزراوە، بەمەبەستی یەکخستنی دەنگی جوتیاران و داکۆکیکردن لە مافەکانیان. پێک دێت لە: لێژنەگەلی گوندەکان، لێژنەگەلی ناحیەکان، لێژنەگەلی قەزاکان، لوەکانی یەکێتی لە پارێزگاکان، لێژنەی زەپتی، مەکتەبی تەنفیزی، کۆنگرە.

**یەکێتی مامۆستایانی کوردستان:**

ئەگەر باس لە کورتە مێژوویەکیان بکەین لە ساڵی ١٩٦٢ کۆنگرەی یەکەمیان گرێداوە، دوای ئەوە ١٢ کۆنگرە بەستراوە لە ساڵانی (١٩٦٦، ١٩٧٠، ١٩٧٢، ١٩٧٤، ١٩٧٥ تا ١٩٩١ سێ کۆنگرە لە شاخ بەستراون، دواتر لە ساڵانی ١٩٩٦یەکێتی

ماملاستایان بوو بە دوو بەشەوە بەهۆی شەڕی ناوەخۆ و لە سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٠ کۆنگرە کراوە. لە ٢٠٠٧ هەردوولا یەکیان گرتەوە و دوا کۆنگرەیان ساڵی ٢٠١١ بووە.

### یەکێتی زانایانی ئیسلامی:

یەکێتییەکی پیشەیی تایبەت بە کاروباری زانایانی ئایینی کوردستانە، بارەگای سەرەکی لە هەولێرە، بۆ یەکەمجار لە رۆژی (١٩٧٠/٩/٢١) لە دامەزراوە. هەیکەلی یەکێتی زانایان لەم بەشانە پێك دێت: مەکتەبی تەنفیزی، ئەنجومەنی ناوەندی، لق، ناوچە. تا ئێستا شەش کۆنگرەی ئەنجام داوە. ١٧ لقی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان هەیە. بەشێکی تایبەت بە فەتواشی هەیە بەناوی (فەتوا) کە پێکهاتووە لە ئەنجومەنی باڵای فەتوا، کە لە مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان دادەنیشن، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرجەم لقەکانی لێژنەی فەتوایان هەیە.[٣٨] بێگومان جگە لەمانە و چەندین یەکێتی و سەندیکای تری گرینگ هەن، بەڵام داتاکانیان بەردەست نین و دەستناکەون بۆ درێژەنەدان بەو باسە ڕاستەوخۆ سەرنجتان دەخەینە سەر ئەوەی تا چەند ئافرەتان و گەنجان بەشدارن لە پێکهاتە و ئەندامییەتی سەندیکا و یەکێتییەکانی کوردستان وە چی بکرێت بۆ چالاککردنەوە و وەگەڕخستنەوە و بنیاتنانی تۆڕێکی هاوبەشی نێوانی گشتیان.

## ٣،٣ ژمارەی ئەندامانی ئافرەتان و گەنجان لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی کوردستان

لێرەدا دەچینە سەر داتا کۆکراوەکانمان و نیشاندانی ڕێژەی ئەندامانی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان لە ڕووی جێندەریی و لە ڕووی تەمەنیشەوە لەڕێگەی چەند هێڵکارییەکەوە، بڕوانە خشتەی ژمارە ٣.

٣٨ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی https://www.zanayan.org/

**خشتەی ژمارە ٣: ژمارەی ئەندامانی ئافرەتان و پیاوان  لە کۆی ١٣ یەکێتی و سەندیکا**

| سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان | ژمارەی ئەندامانی ئافرەتان | ژمارەی ئەندامانی پیاوان | کۆی گشتی ئەندامان (لە لقی هەولێر یان تەواوی سەندیکا) |
| --- | --- | --- | --- |
| سەندیکای جیۆلۆجیان | ٢٣٥ | ٥١٢ | ٧٤٧ |
| سەندیکای ژمێریاران و وردبینان | ١٠٣٢٢ | ١٤٢٧٠ | ٢٤٥٩٢ |
| یەکێتی مافپەروەران | ٢٩٣٠ | ٩٥٥٠ | ١٢٤٨٠ |
| سەندیکای پزیشکانی ڤێرتنەری | ١٠٢ | ٢٦٨ | ٣٧٠ |
| سەندیکای ئەندازیاران | ٤٦١٠ | ١٠٦٤٣ | ١٥٢٥٣ |
| یەکێتی پەرلەمانتاران | ١٦٩ | ٤٦٤ | ٦٣٣ |
| سەندیکای رۆژنامەنووسان | ١٧١٥ | ٧١٥٥ | ٦٨٧٠ |
| یەکێتی هاوردە و ناردنکاران | ٤٠ | ٢٦٦٠ | ٢٧٠٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران | ٣٦٥٠ | ١٠٣٥٠ | ١٤٠٠٠ |
| یەکێتی زانایانی ئیسلامیی | ٠ | ٧٥٠ | ٧٥٠ |
| سەندیکای کیمیاگەران | ٦٢٥ | ١١٩٣ | ١٨١٨ |
| یەکێتی دادوەران | ٤٤ | ٢٩٩ | ٣٤٣ |
| سەندیکای دەرمانسازان | ١٨٦٠ | ١٣٧٨ | ٣٢٣٨ |
| سەندیکای هونەمەندانی کوردستان | ٦٦٠ | ٣٥٠٠ | ٤١٦٠ |

لە سەرانسەری جیهاندا، سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان توانایەکی زۆریان هەیە بۆ پشتگیریکردن و بەهێزکردنی ئافرەتان. دەتوانن زەمینەیەک بڕەخسێنن کە ئافرەتان بتوانن تێیدا کۆببنەوە بۆ ئەوەی بەیەکەوە بەرگری لە مافەکانیان بکەن، وە لەمەودا درێژدا بتوانن بەشدارییەکی کاراتریان لە هێزی کاردا هەبێ. بێ بەشداریی کارای ئافرەتان لە پێگەی بڕیاری سەندیکا و یەکێتییەکان ئەو گۆڕانکارییانە ڕوونادەن.[٣٩] بەپێی ئەم خشتەی سەرەوە بێت ڕوونە کە ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە ڕووی ئەندامییەتییەوە لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان زۆر کەمە، هۆکاری ئەوەش کە بۆ تەنها ١٣ دانە لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان داتاکانیان لە گرافەکەدا هەیە ئەوەیە کە زۆرێک

39 Nadia Shabana. (2016). Status of women's participation in Jordan's trade unions and professional associations. Available at: https://rb.gy/7dswzs

له سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان لە فۆڕمی بەئەندامبوون ئەو جیاکارییەیان نەکردووە لەوەی ڕەگەز و تەمەن دیاری بکەن (سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بە نموونە)، یاخود شێواز و تەکنەلۆژیای نوێ کارناکەن. جگە لەوە، جیاکردنەوەی تۆماری ئەندامانیش بە دەست سەختە و کارمەند و کاتی زۆری تەرخانکراوی دەوێت.
شایەنی باسە ئەم خشتەیە تەنها ڕێژەی ئافرەتانە لە ڕووی ئەندامیەتییەوە نەک لە پێگەکانی دروستکردنی بڕیاری سەندیکا و یەکێتییەکان، بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە خشتەی ژمارە ٤.

**خشتەی ژمارە ٤ : ژمارەی ئافرەتانی ئەندام لە ئەنجومەن یان دەستەی باڵای سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان**

| سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان | دەستەی باڵا/ئەنجوومەنی باڵا | ئافرەتان |
|---|---|---|
| سەندیکای مافپەروەران | ١١ | ١ |
| یەکێتی دادوەران | ٧ | ٠ |
| سەندیکای کرێکاران | ٨ | ٠ |
| سەندیکای پارێزەران | ١١ | ٠ |
| سەندیکای ئابووریناسان | ١٢ | ٠ |
| سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ | ٩ | ٠ |
| سەندیکای جیۆلۆجیان | ٥ | ١ |
| سەندیکای پزیشکانی کوردستان | ٩ | ١ |
| سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان | ٧ | ٠ |
| یەکیتی سەندیکاکانی کرێکاران | ٨ | ٠ |
| سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان | ١٦ | ٢ |

وەک دەبینین لە بەشێکی زۆر لە سەندیکا و یەکێتییەکان هیچ ئەندامێکی ئافرەت بوونی نییە لە ئەنجومەنی باڵا یاخود دەستەی گشتی، ئەگەر هەشبێ لە یەک یان دوو تێپەڕ ناکات.

## ژمارەی ئەندامانی گەنج لە سەندیکا و یەکێتییەکان

خشتەی ژمارە ٥: ژمارەی ئەندامانی گەنجان لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی هەرێمی کوردستان

| سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان | کۆی گشتی ئەندامان (لە لقی هەولێر یان تەواوی سەندیکا/یەکێتی پیشەیی) | ئەندامانی سەروو ٤٠ ساڵ | ئەندامانی خوار ٤٠ ساڵ |
|---|---|---|---|
| یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران | 14000 | 2800 | 11200 |
| یەکێتی زانایانی ئیسلامی | 700-750 | %20 | %80 |
| سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان | 15252 | 3049 | 12203 |
| یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان | 633 | 611 | 22 |
| یەکێتی دادوەرانی کوردستان | 343 | 343 | 0 |
| سەندیکای جیۆلۆجیانی کوردستان | 747 | 618 | 129 |
| سەندیکای ژمێریاران و وردبینانی کوردستان | 24592 | 7668 | 16924 |
| یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان | 12480 | 7055 | 5425 |
| سەندیکای پزیشکانی ڤێرتنەری | 371 | 325 | 46 |
| سەندیکای کارمەندانی تەندروستی | 7000 | %85 | %15 |


به سەیرکردنی خشتەی سەرەوە دەبینین کە جیاوازی هەیە لە ڕێژەی بەشداریی و ئەندامییەتی گەنجان (کە ئێمە لە خوار ٤٠ساڵیمان داناوە) بۆ هەر یەک لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان بە هۆکاری جیاجیا و ئەم ڕێژانەش نوێنەرایەتی هەموویان ناکا و ناتوانرێ بڕیارێکی گشتیان بەسەر بسەپێنرێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەش داتاکانی ڕاپرسیەکەمان و دانیشتنە ڕاوێژکارییەکانمان دەرخەری دەخات کە ڕێژەیەکی بەرچاویش لە گەنجانی دەرچووی زانکۆ ئەندام نین لە هیچ یەکێک لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان، ڕۆژنامەنووسێکی گەنج لە دانیشتنێکی ڕاوێژکاریمان گووتی:


> "خۆم ڕۆژنامەنووسم، ساڵانێکە بە سەربەخۆ کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەم، چەندین هاوڕێی بەتوانای دیکەشم هەن کە ئەندام نین لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، چونکە پێمان وایە نوێنەرایەتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ناکەن و هەر بەرهەمهێنەری گوتاری حیزبین وەک زۆربەی سێکتەرەکانی دیکەی بڕیار لە هەرێمی کوردستان"

## ٣,٤ ئەنجامەکانی ڕاپرسی

لە میانەی پرسیارکردن لە ڕێگەی ڕاپرسی ئەلیکترۆنی لەگەڵ ٢٠٢ یەک کەس ئەو وەڵامانەمان دەستکەوتوون.


## ٣,٤,١  دیمۆگرافیا و پرۆفایلی بەشداربووانی ڕاپرسی




لە هەردوو وێنەی سەرەوەدا دەبینین، ٪٧٠ بەشداربووان تەمەنیان لە نێوان ٢٠-٣٠ ساڵ دایە، و اتا گەنجن. وە لەڕووی ڕەگەزەوە ٪٥٩ نێر و لە ٪٤١ مێیە. ئەم ڕێژانەش بەتەواوی دڵخۆشکەرن چونکە دەکرێت نوینەرایەتی هەم  ئافرەت هەم گەنجان بکات و ڕای ئەوانی تێدا بەدی بکرێت بۆ پرسە گرنگەکانی تایبەت بە یەکێتی و سەندیکا پیشەییەکان.

**وێنەی ژمارە ٣**: باگگڕواندنی خوێندنی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە نیشان دەدات. دیارە ٦٨٪ بەشداربووان دەرچووی زانکۆن ئەمەش واتا ٪ ٧٠ گەنجەی هەیە زۆربەیان خاوەن بروانامەی بەکالۆریۆسن و ئامادەباشییان تێدایە بۆ بوونە ئەندام. جگە لە ٪١٥ کە لە ئاستی خوێندنی ماستەر و دکتۆرایە و ئاستێکی زۆر بەرزترە (بڕوانە وێنەی ژمارە ٣).




**خشتەی ژمارە ٦:**

ئەندامیەتی بەشداربووانی ڕاپرسی لە یەکێتی و سەندیکاکان دەخاتە ڕوو. لەم گرافەدا کە پرسیومانە ئاخۆ لە هیچ لە سەندیکا و یەکێتییەک ئەندامن بۆمان دەردەکەوێت کە ٪٦٦ی بەشداربووان ئەندام نین لە هیچ لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان ئەمەش بێگومان بێهۆکار نییە.

**خشتەی ژمارە ٦:**

| ژمارە | یەکێتی و سەندیکاکان | ڕێژە |
|---|---|---|
| ١. | یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی | 1.4 |
| ٢. | سەندیکای پارێزەران | 6.1 |
| ٣. | یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران | 0.6 |
| ٤. | یەکێتی زانایانی ئیسلامیی | 0.6 |
| ٥. | سەندیکای کیمیاگەران | 0.6 |
| ٦. | سەندیکای ئەندازیاران | 2.9 |
| ٧. | یەکێتی پەرلەمانتاران | 0.6 |
| ٨. | یەکێتی مامۆستایان | 5 |
| ٩. | یەکێتی دادوەران | 0.6 |
| ١٠. | سەندیکای دەرمانسازان | 0.6 |
| ١١. | سەندیکای هونەرمەندان | 2.4 |
| ١٢. | سەندیکای جیۆلۆجیان | 0.6 |
| ١٣. | سەندیکای ژمێریاران و وردبینان | 0.6 |
| ١٤. | یەکێتی مافپەروەران | 0.6 |
| ١٥. | سەندیکای پزیشکانی ڤێرتنەری | 1.2 |
| ١٦. | سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ | 1.2 |

| | | |
|---|---|---|
| ١٧. | سەندیکای ئابووریناسان | 0.6 |
| ١٨. | یەکێتی جوتیاران | 0.6 |
| ١٩. | سەندیکای پزیشکان | 9.6 |
| ٢٠. | سەندیکای کارمەندانی تەندروستی | 0.6 |
| ٢١. | سەندیکای رۆژنامەنووسان | 2.4 |
| ٢٢. | هیچیان | 60.6 |

### ٣,٥ ئاستەنگەکانی بەردەم بەشداری گەنجان و ئافرەتان

**وێنەی ژمارە ٤:** هەوڵ دراوە لە هۆکارەکانی ئەندامنەبوونی ئافرەتان و گەنجان بکۆڵرێتەوە، لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت: ٣٠٪ بەشداربووان پێیان وایە دەستوەرردانی حیزبەکان هۆکارە، ٢١٪ دەیگەڕێنێتەوە بۆ نەریتی کۆمەڵایەتی ، ١٦٪ دەڵێت نەبوونی نموونەی پێشەنگ، ١١٪ پێی وایە نەبوونی حکومڕانییەکی دروست فاکتەرە و هەمدیس ١١ ٪ پێی وایە ئاستی وشیاری. واتا دوو لە ئاستەنگە سەرەکییەکان پەیوەندیدارە بە دەسەڵات و حکومەت و سیاسەتەوە، سێ لە ئاستەنگەکانی دیکەش خودی کەسەکان خۆیان، دۆخی کۆمەڵایەتی و پەیوەستە بە لایەنی پەروەردە و وشیاریی کۆمەڵایەتیی و خیزانییەوە.


ئەو ئەنجامە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەیەکی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی، کە جەخت لەسەر دەستتێوەردانی حیزب و باڵادەستی حیزب لە کاری سەندیکا و یەکێتییەکان دەکەتەوێ. جگە لەوە، توێژینەوەکە نیشانی دەدات کە خەڵک، لە نێوانیان نوێنەرانی کۆمەڵی مەدەنی، تێگەیشتنێکی سلبییان لەسەر کاری سەندیکاکان لە کوردستاندا هەیە. بۆ نموونە، لە وەڵامی پرسیارێکدا ئایا سەندیکاکان وەکو

کۆڵەگەیەک لە کۆڵەگەکانی کۆمەڵگا دەبیندرێن یا نا، زۆرینە بە ڕێژەی ٪٤٨ پێیوایە سەندیکاکان کۆڵەگەیەکی کۆمەڵگا نین.[٤٠] پۆستی باڵادەست و بەرز لە سەندیکاکان لە ڕێگەی حیزبەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ، بۆیە لە کاتی کێشە لەگەڵ حیزبە سیاسییەکاندا یا بە گشتی لەگەڵ دەسەڵات و حکومەت، بەرپرسانی باڵای سەندیکاکان ناتوانن بەرگری لە مافی ئەندامەکانیان بکەن، قەیرانی مووچەی مامۆستا و فەرمانبەران بە نموونە. بڕوانە ئەو گووتەی خوارەوە:

> نەقیبی سەندیکای مامۆستایان لە کاتی خۆپێشاندانەکانی مامۆستایان لە هەرێمی کوردستان بەهۆی پێنەدانی مووچەکانیان داوای لە مامۆستایان کرد؛ ئارام بگرن و تێگەیشتنیان هەبێت بۆ بارودۆخی دەوڵەت ... ئەوە لە کاتێکدایە پێویست بوو پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی مامۆسایان بکات لە جیاتی ئەوەی بە نوێنەرایەتی حکوومەت قسە بکات.[٤١]


٤٠ عەلی بەخت، دلێر جەباری، عەبدوڵا خالید. (٢٠١٩). ڕەوشی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ (دەسەڵات، زانکۆ، میدیا و سەندیکا). لاپەڕە ١٤٣.
٤١ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٤٦.

وێنەی ژمارە ٤:





پرسیارێکەی دیکەی ڕاپرسی بریتی بووە لەوەی تا چ ڕادەیەک ژینگەی سیاسیی و پەیڕەوی ناوەخۆی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان یارمەتیدەرە بۆ گەنجان و ئافرەتان لە گەیشتن بە پێگەکانی بڕیاردان (وێنەی ژمارە ٥).

وێنەی ژمارە ٥:



لێرەدا دەبینین ٪٦٣ بەشداربووان پێیان وایە ژینگەی سیاسیی ناوەخۆی سەندیکا وس یەکێتیيە پیشەییەکان لەبار نییە بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرەتان و گەنجان بە رێژەیەکی بەرچاو، ٪٢٣س پێی وایە ناوەندە.

**وێنەی ژمارە ٦:** پەیوەیستە بە هەڵسەنگاندنی رۆڵی سەندیکا و یەکێتیيە پیشەییەکان لە پرۆسەی سەروەرکردنی یاسا لە کوردستان.





**وێنەی ژمارە ٦:**

ئەم پرسیارەی دەرخەری واقعی ناوەخۆی سەندیکا و یەکێتیيە پیشەییەکانە، ٪٣٠ خەڵکی پێیان وایە سەندیکا و یەکێتیيە پیشەییەکان نەک رۆڵیان نییە لە سەروەرکردنی یاسا بەڵکو رۆڵێکی زۆر خراپ و نەرێنی دەگێرن، ٪٣٠ بڕوای وایە رۆڵیان خراپە، ٪٢٢ بە ناوەند دەیبینێ، ٪١٠ باش و ٪٢ زۆر باش. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نەبەستنی

کۆنگرەی ساڵانە و پەیڕەو کردنی یاساکان لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان ڕێژەیەکی زۆر و بەرچاوە.

پرسیارێکی دیکە بریتی بوو لەگەڵ تاچەند بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پێیانوایە سیستەمی کۆتا گرنگە بۆ زیاترکردنی بەشداری گەنجان و ئافرەتان لە سەندیکا و یەکێتییەکان (بڕوانە **وێنەی ژمارە ٧**)

**وێنەی ژمارە ٧:**





ئەم پرسیارە کە دەکرێت خاڵێکی یەکلاکەرەوە بێت، وەک دەبینین ٪٤٩ ی بەشداربووان بە پێویستی دەزانن سیستەمی کۆتا هەبێت (بە ڕەچاوکردنی ئەوەی بەشداربووانی ڕاپرسی هەردوو ڕەگەز بوون)، ٪٢٩ بە پلەی ناوەند لەگەڵ سیستەمی کۆتا دایە، ٪ ١٦ تا ڕادەیەکی کەم پەسندی دەکات، ٪١٠ نازانێت و هیچ زانیاریەکی لەو بارەیەوە نییە.

## ٣,٦ پێویستە چی بکرێ؟

پێویستە کام لەمانە ئەنجام بدرێ بۆ زیادکردنی بەشداریی گەنجان و ئافرەتان لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان؟

وێنەی ژمارە٨ : پێویستە کام لەمانە ئەنجام بدرێ بۆ زیادکردنی بەشداریی گەنجان و ئافرەتان لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان وەک ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار؟




لە وێنەی ژمارە ٨ دا بۆمان دەردەکەوێت کە ٪٢٩ بەشداربووان پێیان وایە حکومڕانییەکی دروست یەکێکە لە پاڵنەرە سەرەکییەکان بۆ زیادکردنی بەشداریی ئافرەتان و گەنجان، ٪٢٧ پێویستە هەلی زیاتر بڕەخسێنرێ بۆ کەسانی بەهرەمەند و کارامە و پسپۆڕ، ٪٢٢ دەیبەستێتەوە بە لایەنی وشیاریی و بڵاوکردنەوەی وشیاریی، ٪١٢پشت ببەسترێ بە چالاکی و سیمینار ٪١٠ سیستەمی کۆتا بە چارەسەر دەزانێت.

## ٤ دەرەنجامەکان و کۆتایی

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخەن کە زۆربەی یەکێتی و سەندیکا پیشەییەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر نوێنەرایەتی و دەنگ و ڕەنگی حیزبی سیاسیین وەک لە خاوەنپیشەکانی کوردستان. ئەمەش نەک تەنیا کێشەی بۆ بەشداریی و نوێنەرایەتی ئافرەتان و گەنجان دروست کردووە، بەڵکو بووەتە هۆی ئەوەی کە یاسا تا ڕادەیەکی زۆر کەم سەروەر بێ لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان. نموونەیەکی زەق و بەرچاویش بۆ سەلماندنی ئەو ئارگیومێنتە ئەوەیە کە زۆربەی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان کۆنگرە ئەنجام نادەن بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆیان. ئەوەش لە لایەن بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیەدا پشتڕاستکرایەوە. بۆ نموونە: سەندیکای پارێزەرانی کوردستان کە سەنتەری یاسا و ماف و دادوەرییە، دەبووایە لە پێش ٢٠١٨/٣/١٩ کۆنگرە بکەن، بەڵام وادەی خۆیان درێژکردەوە و دواتریش بە چەند ڕێککەوتنێک لە ٢٠١٩/٣/٢٦ بۆ جاری سێیەم دواخرا، تەنانەت لە چاوپێکەتنێکدا ئەندامێکی باڵای سەندیکاکە دەڵێت:

> "بەهۆی ئەوەی لیستەکان لەنیوان خۆیاندا کێشەیان هەبووە، بەهۆی ململانێ و کاریگەری حزبی کۆنگرە نەکرا کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە".

نموونەیەکی دیکە، سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان دوای ٢٠٠٠ هیچ کۆنگرەیەکیان نەبووە و لە دانیشتنی ڕاوێژکارییدا نوێنەری سەندیکاکە ئاماژەی بەوەدا کە **"پەیوەندی لقی هەولێر لەگەڵ دهۆک و کەرکوک باشە، بەڵام ئاگاداری لقی سلێمانی نین"** لە درێژەی باسەکانی ئاماژەی بەوەدا کە **"بارودۆخی سیاسیی ڕێگرە لەبەردەم کۆنگرە بەستن"**.

بەپێی داتاکانی ڕاپرسی، بەشداریی ئافرەتان بە شێوەیەکی گشتی زۆر کەمە بە بەراورد بە پیاوان لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان، تەنانەت لەو سەندیکا و یەکێتییانەشی کە

ڕێژەیەکی زیاتر ئەندامی ئافرەتیان هەیە، پۆستە باڵاکان هی پیاوانە و کەم پێگەی باڵا هەیە درابێتە ئافرەتان. هاوباسی ئەوانە هەر لە مێزگردە ڕاوێژکارییەکەدا نوێنەرێکی یەکێتی مامۆستایان گوتی:

"هەڵبژاردنەکان زێدەتر لەسەر بنەمای حیزبین، لە حیزبەکانیش پیاوسالاری بەرچاوە و بۆیەش سەرەڕای هەبوونی ٪٢٥ کۆتای ئافرەتان لە حیزبەکان، بەشداریی کارایی ئافرەتان لە یەکێتییەکە کەمە، لە کۆی ٧٩ کەرت گشتی پیاوە، لە لقەکان ٪٧.٧٨ی ئافرەتە، کە گشتی دەکاتە ٪٣."

بەهەمان شێوە، ڕێژەی گەنجان بەشیوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین تا ڕادەیەک کەمە، چونکە هەندێک لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکانی دەبینین کە ڕێژەی گەنجانی تێدا زۆرە، کە دەتوانین ئەوەش بگەڕێنینەوە بۆ جۆری کار و پیشەکە (یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران بە نموونە). کەچی دەرەنجامی ڕاپرسی و مێزگردەکە پێمان دەڵێت کە ڕێژەیەکەی یەکجار زۆر لە گەنجانی دەرچووی زانکۆ و خاوەن بڕوانامە لە هیچ یەکێک لە سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان ئەندام نین بەهۆی متمانەنەکردن بە ژینگەی سیاسیی ناوەخۆی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان و بەهۆی نەبوونی یاسایەکی سەروەر لەو سەندیکا و یەکێتییانە کە ڕێژەیەک دابنێ و هەلبرەخسێنرێ بۆ هاتنە پێشەوەی گەنجان.

ئەنجامی ڕاپرسی و دانیشتنە ڕاوێژکارییەکە پێمان دەڵێت، بەشێکی زۆر لە هاوڵاتیان و ئەندامانی سەندیکا و یەکێتییەکانیش هۆکاری ئەو پشێویەی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان بۆ ململانێ سیاسیی و دەستوەردانی حیزبی و حکومڕانیی خراپ دەگەڕێننەوە، جیا لەوە گرنگیی لایەنی وشیاریی کۆمەڵایەتی و وشیاریی تاک بۆ هەنگاونان بەرەو پێش. هەرچەند هیچ بەربەستێکی یاسایی لەبەردەم بەشداریکردن و

سەرکردایەتیکردنی ئافرەتان لەم ڕێکخراوانەدا نییە، بەڵام هیچ ڕێوشوێنێکی تایبەت بۆ هاندان و پێشخستنی سەرکردایەتیکردنی ئافرەتان نەگیراوەتەبەر. سیاسەتی ناوخۆ و پەیڕەو و ڕێکارەکان دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ بەدەستهێنانی نوێنەرایەتییەکی یەکسان و هاوسەنگتر لە پۆستەکانی بڕیاردان.

جێگای ئاماژەدانە لە هیچ یەک لە پەیڕەو یاسای ئەندامییەتی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان باس لە سیستەمی کۆتا نەکراوە، کەچی لە ڕاپرسی و مێزگردەکەماندا سیستەمی کۆتا بە بژاردەیەکی دروست دەزانن لە ساتی نەبوونی حکومڕانییەکی دروست و وشیاریی تاک بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریی و ئەندامیەتی ئافرەتان تا ئەوکاتەی ڕێژەکە بە نزیکەیی دەگاتە ئاستی هاوسەنگ و یەکسان بیروبۆچوونە تەقلیدیکان لەسەر لاوازی مێینەیێتی بنەبڕ دەبن.

لە کۆتاییدا، دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە زۆربەی وڵاتانی خاوەن سیستەمی دیموکراسیی لە دەزگا و ناوەندە هەرە گرنگەکانی سازاندنی بڕیارن و دەکرێ گۆڕانکاریی گەورە بێننە گۆڕێ لە کۆمەڵگەدا، بەڵام بەداخەوە لە کوردستاندا ناچالاکن و کەمتر دەبینرێ کە ئاکت و کردەیەکی سیاسیی یاخود کۆمەڵایەتی گرنگ بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگ و کولتوور و سیاسەت یاخود یاسا لە کۆمەڵگەدا بکەن. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری مێژوویی و ململانێی سیاسیی و جەنگە درێژخایەنەکان. لەم نێوەندەشدا کەسانی کارامە و بەهرەمەند و داهێنەر و پیشەگەر بوونەتە قوربانی لە کۆمەڵگەدا، بە پلەی یەکەمیش چینی ئافرەتانن، کە بەشێکی زۆریان بێبەشن لە بەشداریی، لەبەر چەند هۆکارێک؛ بۆ نموونە ئەو پێناسە کۆمەڵایەتییە نەریتییەی بۆ ڕەگەزی ئافرەت هەبووە کە بە لاواز وەسفکراون، نەک کائینێکی سیاسیی. یان نەبوونی متمانە و باوەڕی ئافرەتان خۆیان، واتا متمانە بەخۆیان ناکەن، هۆکارێکی دیکە نەبوونی متمانەی حیزبەکان بە توانای ڕەگەزی ئافرەتان و نەپاڵاوتنیان بۆ پۆست و پلە بەرزەکان. گەنجانی خاوەن بەهرە و کارامەش توێژێکی دیکەی گرنگی مافخوراون بەهۆی گەندەڵیی و ناشەفافی لە سیاسەت و ئەو ژینگە سیاسییەی کە هەبووە، هەروەها کەمی دەرفەت بۆ هاتنە پێشەوەیان و خستنەڕووی دیدیان ئازادانە بووەتە هۆی بێئومیدبوونیان لەر هەر هەوڵیک بۆ خودسازیی و پەرەپێدانی تواناکانیان.

## ڕاسپاردەکان

**أ- سەندیکاکان پێویستە هەوڵی تێگەیشتن و چارەسەرکردنی ئەولەویەتەکانی گەنجان و ئافرەتان بدەن بۆ ئەوەی بیانکێشنە ناو پێکهاتەی ئەندامێتی خۆیانەوە.**

یەکێک لە ڕێگاکانی بەشداری گەنجان و ئافرەتان بریتییە لەگرنگیدان بەو پرسانەی کە بۆ گەنجان و ئافرەتان خۆیان گرنگن، بۆ نموونە پرسەکانی وەک مووچەی یەکسان، هاوسەنگی کار و خێزان و کاتەکانی کارکردن. هاندانی مشتومڕ و گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسانە لەناو سەندیکاکاندا، هەروەها نیشاندانی ئامادەیی سەرکردەکانی سەندیکاکان بۆ گوێگرتن و وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی ئەندامەکانی خۆیان.

**ب- زیادکردنی سیستەمی کۆتای ئافرەتان بۆ پەیڕەوی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان.**

لە پێناو بەرزکردنەوە و هاتنە پێشەوەی ئافرەتان وەک چینێکی بنچینەیی کۆمەڵگە، پێویستە سیستەمی کۆتای ئافرەتان هەبێت لە یاسا و پەیڕەوی ناوەخۆی سەندیکا و یەکێتییەکان، چ بۆ ئەندامییەتی یان بۆ ئەنجومەن و دەستەی گشتییان، واتا پێگەکانی بڕیاردان.

**ج- کارکردن لەسەر سەربەخۆیی سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان**

دەبێت سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان دوور لە دەستوەردانی حیزبی، کاربکەن بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگەی کوردستانی نەک تەنها یەک پارتی سیاسیی یاخود ئایینی. ئەم گوتارە سەربەخۆیەش ڕێگەخۆشکەری پەرەسەندنی سەروەریی یاسا و چاکسازیی دەبێت.

### د- دروستکردنی تۆڕ و هاوپەیمانی

سەندیکاکان و کۆمەڵە پیشەییەکان لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان و ناوچەکە، بۆ نموونە ئوردەن و لوبنان، زیاتر هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکەن بە مەبەستی لۆبیکردن بۆ مافەکانی ئەندامەکانیان. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئاستی جیهانیدا، لە نێوانیان هەرێمی کوردستان، گەشە دەکەن، لەگەڵ زیادبوونی ژمارە و کاریگەرییان و زۆرێکیان پرسەکانی کار و مافە ئابوورییەکان دەخەنە ناو چوارچێوە و ئەولەویەتەکانی بەرنامەسازی خۆیانەوە. ئەوان توانایان جۆراوجۆرە و خزمەتگوزاریی و سەرچاوەی پێویست و جۆراوجۆر پێشکەش دەکەن، بۆ نموونە بەشداری گەنجان، شیکاری نایەکسانی جێندەری، پێشنیارەکانی سیاسەت بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانی جێندەری، و پێشنیازی ستراتیژی بۆ پێشخستنی دیدگای گەنجان و ئافرەتان. بۆیە دروستکردنی هاوپەیمانێتیی و باشترکردنی پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان زۆر گرنگە.

### هـ- پەرەپێدانی بەرنامە و سیاسەتی کارکردن لەسەر خێزان

توێژینەوە و داتاکانی نیشانی دەدەن کە کاتێک ئافرەتان هاوسەرگیریان کردووە و منداڵیان دەبێت، ئەوا ئەندامێتی و بەشدارییان لە یەکێتی و چالاکییە خۆبەخشییەکانیان دەوەستێنن. بۆ زیادکردنی بەشداری ئافرەتان وەک سەرکردە و چالاکوان، سەندیکاکان و کۆمەڵە پیشەیەکان پێویستیان بە دابینکردنی چاودێری منداڵان و ئەنجامدانی کۆبوونەوە هەیە لەو کاتانەی کە ئافرەتان دەتوانن بەشداری بکەن. هەروەها پێویستە لە ژینگەیەکدا ڕایانبگرن کە سەلامەت بێت بۆ منداڵان، بۆ ئەوەی ئافرەتان بتوانن منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان بهێنن.

**و- گرنگیدان و هەلڕەخساندن بۆ گەنجان**

وەک توێژێکی چالاکی کۆمەڵگە، گەنجانی بەهرەمەند و بەتوانا پێویستە هەلیان بۆ بڕەخێسێنرێ و بتوانن بڕیاردەر بن.

**ز- وشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، خیزانیی**

لە ڕێگەی چالاکی لایەنە پەیوەندیدارەکان، وۆرکشۆپ و وێبینار بۆ ئاشنا بوون بە بابەتگەلی وەک پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و گرنگی بەشداربوونیان. بەستنی سیمینار و چالاکی لە ناوەندەکانی وەک زانکۆ و پەیمانگاکان

## ١ لیستی سەرچاوەکان


١- عەبدوڵا، کنێر. (٢٠١٧). بەشداریی سیاسیی ژنان لە باشووی کوردستان. چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشێ سەردەم.

٢- تەلعەت، ڕابەر. (٢٠٠٦). گەنج و بەشداریی سیاسیی. چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

٣- جەلیل، سەرکەوت. (٢٠١٨). مافەکانی ژن: تیۆریا و پراکتیک. (ئۆنلاین) ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، 24-syasi.pdf

٤- زیباری، تاهر حسۆ (٢٠١٨). ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی لە کۆمەڵناسیدا، و: شەهلا وەلی جەبار. چاپی یەکەم، هەولێر: نوسینگەی تەفسیر.

٥- بەدەوی، محمد عەلی (٢٠١٤). لێکۆلینەوەی سۆسیۆ مێدیایی، و: هەورامان بورهان قانع. چاپی یەکەم، سلێمانی: جەمال عیرفان.

٦- ئەبراش، ئیبراهیم (٢٠١٣)، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، و: دیدار ئەبوزێد. چاپی یەکەم. هەولێر: لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر.

٧- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥). فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان. چاپی یەکەم، سلێمانی: ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٨- بۆکانی، سابیر (٢٠٢٠). میتۆدی توێژینەوەی زانستی. چاپی دووەم، سلێمانی، خانەی چوارچرا.

٩- عەلی بەخت، دلێر جەباری، عەبدوڵا خالید. (٢٠١٩). ڕەوشی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ (دەسەڵات، زانکۆ، میدیا و سەندیکا). لاپەڕە ١٤٣.

**سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**


١. ڕەحیم، پەروێز (٢٠٢١)، بەشداریی سیاسیی ژنان و گەنجان بۆ بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز: دەرفەت و ئاڵنگارییەکان.
http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/1893-2021-11-25-07-45-56

٢. ڕەحیم، پەروێز. (٢٠١٩). فاکتەر و ئەکتەرەکانی کاریگەر لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار: کوردستان و عێراق بە نموونە .
http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/1582-2019-04-28-11-51-47

٣. ئیبراهیم، هۆگر. (٢٠١٦). سەنتەرەکانی بیرکردنەوە و قەیرانی دروستکردنی بڕیار http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/314-2018-09-02-18-56-38 .

٤. ئەلحەزرەمی، سەوسەن سالح. (٢٠١٩). سیستەمی کۆتای ئافرەتان. (ئۆنلاین) http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-18-18/item/1533-2019-03-07-19-44-35

٥. عەبدوڵا، ئەردەلان. (٢٠١٢). چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنیی چییە http://dengekan.ca/archives/22775

٦. ڕەفیق، ئاری. (٢٠١٨). ڕوانینە جیاوازەکان لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنی http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/577-2018-09-02-18-56-38.

٧. سەلیم، هیوا سەید. (٢٠١٦). سەندیکاکانی کوردستان بۆ هەڵوەشانەوە باشن .
https://www.shanpress.com/Wtardetails.aspx?jimare=183

٨. حكيم، مراد. (٢٠١٦). ڕەوشی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان .
http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/255-2018-09-02-18-56-38

٩. درەو میدیا (٢٠٢١)، سیستەمی کۆتای ئافرەتان.
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8419

١٠.سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان http://www.andazyar.org/

١١.یاسای سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق،
https://www.parliament.krd/media/

١٢.سەندیکای پارێزەرانی کوردستان https://kba.krd/ku/

١٣.یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٠

١٤.یاسای پزیشکانی دروستی
ئاژەڵhttps://www.yasaii.info/2a/item/352-tt1.html

١٥.یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی https://www.zanayan.org/

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان


1. Bari, Farzana, *Women's Political Participation: Issues and challenges, 2005.*
   Atlas of electoral gender quotas. IDEA.
2. Bell, J. (2010). *Doing your research project: A guide for first-time*
3. Bryman, A. (2012). *Social research methods*. Oxford university press, p. 628.
4. Dahlerup, D., Hilal, Z., Kalandadze, N., & Kandawasvika-Nhundu, R. (2013).First Published, New York, SAGE Publications. Last Seen 25 January 2021 at:http://library.lol/main/B4B238044153F2B0FA6252C79577BAA5
5. *Forum of Educational Administration & Supervision Journal*, 2010.
6. Implementation Action plan for UNSCR 1325, 2012-2018 of Iraq national*United Nations Security Council resolution 2250: United Nations Development*
7. Kumar, Ranjit (2019). *Research Methodology*. (Online). Fifth Edition,
8. Lunenburg, Fred C. "The decision making process." In *National*
9. Marvasti, Amir (2003). *Qualitative Research in Sociology*. (Online).

10. McCann, J. (2013). Electoral quotas for women: An international overview. Available at: https://www.aph.gov.au/About_Parliament/Parliamentary_Departments/Parliamentary_Library/pubs/rp/rp1314/ElectoralQuotas
11. Nadia Shabana. (2016). Status of women's participation in Jordan's trade unions and professional associations. Available at: https://jordan.unwomen.org/sites/default/files/Field%20Office%20Jordan/Attachments/publications/UN%20WOMENStatus%20of%20Jordanian%20Women%20in%20Trade%20and%20Professional%20Association.pdf
12. New York, SAGE Publications. Last Seen 25 January 2021 at: https://bit.ly/2PsRnBs *Programme*. UNDP. (n.d.). Retrieved November 28, 2022, from :- https://www.undp.org/nepal/publications/united-nations-security-council-resolution 2250?utm_source=EN&utm_medium=GSR&utm_content=US_UNDP_PaidSearch_Brand_English&utm_campaign=CENTRAL&c_src=CENTRAL&c_src2=GSR&gclid=Cj0KCQiA1ZGcBhCoARIsAGQ0kkp3pFtiOsjOe6ev36Gpfp7FWbv8_I3IBBsiXMNaUNC4GeDwnVE-RmUaAnsCEALw_wcB *researchers*. Open University Press, p. 45.

# ئەلبوومی وێنەکان


Thank you!














IOL
INVESTIGATOR
ORGANIZATION
ديدارى ياسايى




IOL
INVESTIGATOR
ORGANIZATION
ڕێکخراوی لێکۆڵەر
بۆ سەروەری یاسا
منظمة المحقق
لسيادة القانون

# بحث عن مشاركة النساء و الشباب في مراكز صنع القرار في اقليم كوردستان – العراق النقابات والاتحادات نموذجاً

**سيقدم هذا البحث كجزء من متطلبات مشروع "تعزيز سيادة القانون وزيادة مشاركة النساء و الشباب في مراكز صنع القرار في الإقليم و العراق" ، الذي تنفذه منظمة المحقق لسيادة القانون (IOL) ، بدعم من منظمة المساعدات الشعبية النرويجية (NPA).**


الملخص:

عملية صنع القرار هي سلسلة من الخطوات التي يتخذها الأفراد ووحدات المجتمع لتحديد أفضل الخيارات ، أو اختيار مجموعة من الإجراءات وردود الافعال المتتالية لتحقيق احتياجات ومطالب المجتمع. والسؤال المهم هنا من هم في مراكز صنع القرار؟ من يستطيع أن يمثل المجتمع بأكمله ، لأنه من حق كل فرد أن يقرر مصيره! لذلك فإن نسبة مشاركة النساء والشباب (التي تشكل أكثر من نصف سكان المجتمعات) في عملية صنع القرار تحدد مستوى الوعي وتنوير الثقافة في هذا المجتمع. على مر التاريخ ، لعبت المرأة دورًا نادرًا في اتخاذ القرارات وتم تقليصها في المناصب القانونية والسياسية والاجتماعية ، ومع ذلك ، لدينا أيضًا العديد من الأمثلة المرئية التي ظهرت وتمكنت من تغيير السياسة الداخلية والخارجية للبلاد، لكن المعدل لا يزال منخفضًا ويحتاج إلى العديد من الخطوات الجادة. نحاول في هذا البحث إبراز كيف أصبح المجتمع المدني والنقابات والاتحادات في كوردستان جزءًا من عملية صنع القرار وكيف تؤثر على المجتمع، والموضوع الثاني هو معرفة دور النساء والشباب في عملية صنع القرار في كردستان خاصة في النقابات والاتحادات. في الوقت نفسه ، سوف نعرض أهم الأسباب والتحديات التي تواجه النساء و الشباب للمشاركة في عملية صنع القرار مثل طبقتين أو طبقتين أساسيتين من المجتمع

الكردي. الطريقة المستخدمة في البحث هي الطريقة المختلطة مما يعني التعامل مع البيانات والتحليلات المرتبطة بهذه الفئات.

يهدف البحث إلى إظهار الواقع السياسي والاجتماعي لعملية صنع القرار في النقابات والاتحادات وتقديم اقتراحات وتوصيات حول كيفية زيادة نسبة مشاركة النساء من خلال نظام الكوتا الجندرية.

مشاكل وفرضيات البحث هي: ١. ضعف مشاركة النساء والشباب في النقابات والاتحادات في مراكز صنع القرار في كوردستان. ٢- النقابات والاتحادات في كوردستان ليست مستقلة وتمثل مصالح الأحزاب المهيمنة وليس صوت المواطنين ومطالبهم.

سؤال البحث هو: ١. ما هي نسبة مشاركة النساء والشباب في مراكز صنع القرار في النقابات والاتحادات في كوردستان؟ ٢. ما هي المعوقات والمخاطر التي تواجه النساء والشباب لاتخاذ الخطوات والمشاركة في عملية صنع القرار في كوردستان؟ ٣. ما العمل لإصلاح وزيادة مستوى مشاركة النساء والشباب في النقابات والاتحادات المهنية؟ تكمن أهمية هذا البحث في أنه يمكن أن يمهد الطريق لمشروع كبير لتحقيق العدالة والمساواة بين الجنسين في مناصب صنع القرار المختلفة، ولا سيما في الاتحادات و النقابات في إقليم كوردستان. كما و قد قدم البحث التوصيات العملية لزيادة نسبة مشاركة النساء والشباب في مراكز صنع القرار في النقابات و الاتحادات في إقليم كوردستان.

making positions, particularly centres such as the Unions and Syndicates of Kurdistan Regional Government. The paper also presenting practical recommendations to increase the participation rate of women and youth.

became a part of the decision-making process and how they have impact on the society, second subject is to know the role of women and youths in the decision-making process in Kurdistan, especially in the syndicates and unions. at the same time, we will demonstrate the most important and significant reasons and challenges facing women and young people to participate in the decision-making process such as two classes or basic classes of Kurdish community. The method used is a mixed method which means dealing with data and analysis that are related to these categories. The aim of the research is to demonstrate the political and social reality of the decision-making process in the syndicates and unions and to present suggestions and recommendations of how to increase the Research problems and hypotheses are: 1. Women and youth participation in syndicates and unions of Kurdistan such as decision-making process centres is low. 2.The Kurdistan Syndicate and Unions are not independent and they represent the dominant parties' interests rather than the citizens voice and demands. The Research question is: 1. How much is the rate of women and youth in decision-making centres such as syndicates and unions in Kurdistan? 2. What are the obstacles and risks facing women and young people to take steps and participate in the decision-making process in Kurdistan? 3. What should be done to reform and increase the level of participation of women and youth in syndicates and professional for a major project to bring justice and gender equality to different decision-

**Women's and Youth's Participation in the Kurdistan Region's Decision-Making Centers: Syndicates and Unions, as Example.**

This research will be presented as part of the requirements of the "Developing the Sovereignty of Law and Increasing Participation of Women and Youth in Decision-Making Centres" project, which is being conducted by the Investigator Organization for the rule of Law (IOL), supported by the Norwegian People's Aid (NPA).

---

**Summary:** The decision-making process is a series of steps taken by individuals and community units to determine the best options, or here is choosing a set of actions and successive reactions to achieve the needs and demands of the community. The important question here is who are those in the decision-making centres? who can represent the entire community, because it is the right of each individual to decide their own destiny! Therefore, the participation rate of women (who are more than half of societies population) in the decision-making process determines the level of awareness and enlighten culture of this society. Throughout history, women have played a rare role in making decisions and have been reduced in legal, political and social positions, However, we also have many visible examples that have emerged and have been able to change the country's internal and external politics 'But the rate is still low and needs many serious steps. In this research, we are trying to highlight how civil society, syndicates and unions in Kurdistan are rate of women's participation through the gender quota system.

INVESTIGATOR ORGANAIZATION FOR THE RULE OF LAW

Women's and Youth's Participation in the Kurdistan Region's Decision-Making Centers

Syndicates and Unions, as Example.

**2022**